خەبات

XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6011) یەکشەممە 27ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



حزب و لایەنەکان ئەنجامدانی ریفراندۆم بە تێکۆشان و رۆژێکی مێژوویی دەزانن 3

هەرگیز پەشیمان نین لەوەی دەنگمان بە بەڵێی سەربەخۆیی داوە

لە سااڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا ژمارەیەك حزب و لایەنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەیامێکی هاوبەشیان بااڵوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیاندا رۆژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پیرۆز دەکەن و بە رۆژێکی مێژوویشی ناوی دەبەن، هاوکات جەختیشت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نین لەوەی دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان داوە،

فراکسیۆنی پارتی:

ریفراندۆم خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سااڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پەیامێکی بااڵوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا رایگەیاند: ریفراندۆم خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، هەروەها فراکسیۆنی پارتی راشیگەیاند: لە سااڵیادی ریفراندۆمدا بەڵێن بە سەرۆك بارزانی دەدەین تا بمێنین پێشمەرگەی ئەو ڕێیە دەبین کە ئەو بۆ گەلەکەی هەڵبژاردووە و کۆڵنەدان و وەفای ئەو بۆ گەلەکەی دەنگی ئازادیخوازانی کوردی بە گۆڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یار و نەیارانی گەلی کوردستان، گەیاند.

(دەقی پەیامەکە لەلاپ بخوێنەوە)



سەرۆکی بارزانی لە یادی ریفراندۆمە شکۆدارەکە:

خۆ ناچەمێنین

سەرۆك بارزانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر لە سااڵیادی ئەنجامدانی ریفراندۆمە شکۆدارەکەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: خۆناچەمێنین. رۆژی هەینی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ خەڵکی کوردستان بە گەورە و بچووکەوە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و زیاتر لە سەدا ٩٣ی بەشداربووانی ریفراندۆمیش دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا. ئەمسااڵیش لە سااڵوەگەڕی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا سەرۆك بارزانی رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، وەك ئاماژەیەك بۆ خۆڕاگری گەلی کورد لە ئاست ستەم و زۆرداری و دژایەتی گەلی کوردستاندا، رایگەیاند: خۆناچەمێنین.

دەستەواژەی خۆناچەمێنین، لە تەك سەدان داستان و ڕەمزەکانی تری خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و پێشمەرگە، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بووەتە ڕەمزێکی نوێی قارەمانێتی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە خاك و نەتەوەی کورد، ئەم دەستەواژەیە لەکاتێکدا دێتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کوردستانەوە، تاقمێکی ناوخۆیی بۆ ئەوەی شکست بە ریفراندۆم بهێنن ڕێگەیان بە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دا کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان داگیر بکەن، بەاڵم هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە خوێن بەرگریان لە خاکی کوردستان کرد و لە سەنگەرەکان دەستەواژەی خۆناچەمێنین بووە ئاماژەیەك و وەرەزی بەرزی پێشمەرگەکان بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات



بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، لە سەر داوای مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت ڕێکبخات کە تێیدا سەرۆکی حکومەت لە سەر جێبەجێکردنی کارنامەی چاکسازیی کابینەی نوێەم و ڕێرەوی گفتوگۆکان لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی و شیکردنەوەی دۆخی دارایی و تەندروستی ئێستای هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، گوتارێک پێشکەش دەکات.

بە پێی مادەی ٦٦ بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، سەرۆك وەزیران دەتوانێت داوا دانیشتنی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە لە سەر بابەتێک بدات و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش دەبێ لە ماوەیەکدا کە لە ١٤ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئەو دانیشتنە ڕێک بخات.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لێدوانێکی وەزیری دارایی عێراق ڕەتدەکاتەوە

حکوومەتی هەرێم بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکان

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی لێدوانێکی وەزیری دارایی عێراق،ڕاگەیەنراوێکی باڵوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە دراوە ژمارەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی لەاليەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەاليەن دامەزراوەی دیلۆیت وردبینیان بۆ دەکرێت و بۆ ڕای گشتی باڵودەکرێنەوە.

2



نووسەرێکی عەرەب داوای ڕاگرتنی بەعەرەبکردن دەکات

د. تیسیر عەبدولجەبار ئالووسی:
میلیشیاکان تاوان دژی دانیشتووانی ڕەسەن دەکەن بۆ ئەوەی شوێنی خۆییان بەجێبهێڵن



تەعریبکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان بابەتێکە نەك تەنها نووسەرانی کورد تیشکیان نەخستووەتە سەر لە نووسینەکانیان، بەڵکو نووسەرانی عەرەبیش قسەی خۆیان لەبارەیەوە کردووە و بە مەترسییان زانیوە لەسەر کۆمەڵی عێراقی و لەمبارەیەوە تیسیر عەبدولجەبار ئالووسی یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبانەی لە ئەلواح سومەریە نووسینێکی باڵوکردووەتەوە و تیایدا باسی بارودۆخی کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکات، کە بووەتە دیاردەیەك و سەرلەنوێ خەریکە نوێ ببێتەوە بەوپێیەی میلیشیاکان تاوان دژی دانیشتوانی ڕەسەن دەکەن بۆ ئەوەی شوێنی خۆییان بەجێبهێڵن، کە ئەمەش گومانی تێدا نییە کاریگەری دەخاتە سەر گۆڕانکاری دیمۆگرافی ناوچە کێشەلەسەرەکان. ئەمەش ئەوە دەخوازێت لە ڕووی یاسای و سیاسییەوە ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

(دەقی وتارەکەی لەلاپ 4 بخوێنەوە)



پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی محەمەد میرزا میرزا

سەرۆك بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (محەمەد میرزا میرزا) پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی کەسوکاری کۆچکردوو کرد و تێیدا هاوخەمی خۆی پێڕاگەیاندن، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (محەمەد میرزا میرزا)مان بیست.

خوالێخۆشبوو محەمەد میرزا میرزا پێشمەرگەیەکی بەوەفای رێبازی کوردایەتی بووە و تاکۆتا ژیانی خۆی لەپێناو میللەتەکەیدا خاوەن هەڵوێستی بەرز و دڵسۆزانە بوو. بۆیە لەدەستدانی ئەم پێشمەرگەیە خەسارەتێکی گەورەیە.

سەرەخۆشی لە خانەوادە تێکۆشەرەکەی خوالێخۆشبوو محەمەد میرزا میرزا و تەواوی دۆست و هەڤاڵانی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لێدوانێکی وەزیری دارایی عێراق ڕەتدەکاتەوە:

حکوومەتی هەرێم بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکان

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێدوانەکانی وەزیری دارایی لە حکوومەتی فیدراڵی لەبارەی بەقاچاغبردنی نەوت ڕەتدەکاتەوە و ڕایگەیاند، ئەم پڕوپاگەندانە بێ بنەما و بێ بەڵگەی سەلێنەرن.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی لێدوانێکی وەزیری دارایی لە حکوومەتی فیدراڵی، عەلی عەلاوی،ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە دراوە ژمارەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن دامەزراوەی دیلۆیت وردبینیان بۆ دەکرێت و بۆ ڕای گشتی بڵاودەکرێنەوە.

ئەوەش خراوەتەوە ڕاستتر ئەوەیە، کە دەسەڵاتی فیدراڵی هەمان ڕێککاری حکوومەتی هەرێم بگرێتەبەر، بە واتای ئەوەی کە ڕێگە بدات بەوردبینی و بڵاوکردنەوەی ڕێژەی نەوتی بەرهەمهێنراو و بەکارهێنراو لەگەڵ ئەو بڕەی هەناردەی دەکات، ئەمەش لە پێناو شەفافییەت و بەرپرسیارێتی زیاتر لە کەرتی نەوت لەسەر ئاستی عێراق دا.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوە ئاشکرا کراوە کە دوای ڕێککەوتنی ئۆپێك، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی کەمکردووەتەوە و ژمارەکانی بەرهەمهێنانی لەبڕی شایستەیی کەمتریشە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی.

ڕاشیگەیاندووە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکان و بەردەوام دەبێت لە مامەڵەکردن بە بەرپرسیارێتییەوە، ئەوەی پەیوەستە بە کارەکانی لە بواری نەوت و غازدا.

لەکۆتایی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە: ئەم ڕوونکردنەوەیەمان لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی گشتگیری نێوان نێوانماندایە، کە ئامانج لێی بەدیهێنانی متمانەیە لە پەیوەندییەکانماندا، هەروەها دڵنیایی و ڕێزگرتن لە ئەرك و مافەکانی هەردوولا بە گوێرەی دەستوور.

مەسرور بارزانی لە ساڵیادی ریفراندۆمدا:

بەرز و پایەدار بێت یادی پڕ شکۆی ریفراندۆم

هیوادارم ئاوات و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بەشێوەیەکی ئاشتییانە بێنەدی



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا لە ڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان کرد و هیواشی خواست ئاوات و مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتییانە و سەردەمیانە بێنەدی، هەروەها ئەم یادکردنەوەیەی بە دەربڕینی هەستی نازادیخوازانەی گەلی کوردستان ناوبرد.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

بەرز و پایەدار بێت یادی پڕ شکۆی ڕیفراندۆم، یادی دەربڕینی هەستی نازادیخوازانەی گەلی کوردستان. هیوادارم هەموو ئاوات و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بەشێوەیەکی ئاشتییانە و سەردەمییانە بێنەدی.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگیی سەقامگیرییە لە عێراق و ناوچەکەدا

باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا: هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتوو و گەشەسەندووە لە عێراق



ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە مارتن هوس باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا دواییەن گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یەکێتیی ئەورووپا تاوتوێ کران. باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتوو و گەشەسەندووە لە عێراق و یەکێتی ئەورووپاش ئامادەیە بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان و هاندانی وەبەرهێنەرانی ئەورووپایی بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکومەت سوپاسی پشتگیریی یەکێتیی ئەورووپای کرد لە هەرێمی کوردستان و جەختیشی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگیی سەقامگیرییە لە عێراق و ناوچەکەدا. گوتیشی سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەوامە لە ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی و جێبەجێکردنی بەرنامە چاکسازییەکەی، لە پێناو گەشەپێدانی زیاتری هەرێمی کوردستان.

پێنج هەزار کارتۆن ماسک و دوو هەزار گەرمێپێو و بیست هەزار خاوێنکەرەوە لەخۆدەگرێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم پێداویستی تەندروستی بۆ قوتابخانەکان دابینکرد



خەبات:

لەسەر ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی سەلامەتی گیانی قوتابیان و مامۆستایان بڕی ٥,٠٠٠ کارتۆن ماسك و ٢٠٠٠ گەرمێپێو و ٢٠,٠٠٠ خاوێنکەرەوەی ٥٠٠ مل بۆ ناوەندەکانی خوێندن دابینکرا کە بڕیارە ئەمڕۆ زەنگی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لێبدرێت و بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕێی وەزارەتی پەروەردەوە دابەشکران و لە ئێستاشدا سەرجەم بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان بەشە پێویستی خۆیان وەردەگرن و دابەشکردن بەردەوام دەبێت.

لەگەڵ سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەی ئێران تاوتوێی چەند پرسێک دەکەن

فوئاد حوسێن بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئێران

دوێنێ شەممە وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە تاران پایتەختی ئێران و میدیای فەرمی عێراقیش بڵاوی کردەوە کە فوئاد حوسێن لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ تاران لەگەڵ حەسەن ڕوحانی سەرۆککۆماری ئێران کۆبوونەتەوە و باسی لەوەشکردووە کە کۆبوونەوەکە لە کۆشکی سەرۆکایەتی سەعد ئاباد لە تارانی پایتەختی ئێران بەڕێوەچووە و لە میانیدا هەردوولا سەبارەت بە ژمارەیەك دۆسیەی گرنگ گفتوگۆیان کردووە کە تایبەت بوون بە پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات.

هەروەها فوئاد حوسێن لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ تاران لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی محەمەد جەواد زەریف کۆبوونەوە و سەبارەت بەو پرسانەی کە جێگەی بایەخ و گرنگی هاوبەشی هەردوو وڵات بوون گفتوگۆیان کرد.

سەردانەکەی فوئاد حوسێن بۆ تاران کە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت، چۆنییەتی پتەوترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێران تاوتوێ دەکات. ئەمە یەکەم سەردانی وەزیری دەرەوەی عێراقە وەك سەرۆکی شاندێکی دیپلۆماسی کە دوای دەستبەکاربوونی وەك وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ ئێران ئەنجامی بدات. وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن هەفتەی ڕابردوو سەردانی ئەورووپای کردبوو کە لە میانیدا بە جیا لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەلجیکا کۆبوویەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا کرد

نێچیرڤان بارزانی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بە کلیلی سەقامگیریی عێراق لە قەڵەم دەدات



سەرلەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٤ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز کلێمنس سێمتنەر کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا دۆخی گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، شەڕی دژی تیرۆر و ئەرکی هێزە ئەڵمانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشیان تاوتوێ کرد و بیروڕایان دەربارەی هەڵبژاردنەکانی پێشوەختەی داهاتووی عێراق و دواییین هەنگاوەکانی گفتوگۆی هەولێر - بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گۆڕییەوە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیری و هاوکارییەکانی ئەڵمانیای لە بواری سەربازی و مرۆییدا دووپات کردەوە و ئاماژەی بە گرنگی و کاریگەریی ئەو هاوکارییانە لە رۆژانی سەختی شەڕی داعشدا کرد، هەروەها تیشکی خستە سەر هاوکارییە مرۆییەکانی بۆ ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و پێشوازیکردنی لە ژمارەیەکی زۆری ڕزگاربووانی ئێزدیی دەستی داعش بۆ وەرگرتنی چارەسەری لە ئەڵمانیا، هاوکات دەربارەی دۆخی عێراقیش، چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی بە کلیلی سەقامگیریی عێراق لە قەڵەم دا.

لای خۆیەوە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیری و هاوکاریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان، ستایشی هێزەکانی پێشمەرگە و رۆڵی هەرێمی کوردستانی لە شکاندنی داعش و حەواندنەوەی خەڵکی ئاوارە لە پێکهاتەکانی عێراق و پەنابەرانی سووریا کرد و خواستی وڵاتەکەی بۆ بردەوان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیشان دا.

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان:

ریفراندۆم خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا



فراکسیۆنی پارتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا ڕایگەیاند: ریفراندۆم خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، هەروەها فراکسیۆنی پارتی ڕاشیگەیاند: لە ساڵیادی ریفراندۆمدا بەڵێن بە سەرۆك بارزانی دەدەین تا بمێنین پێشمەرگەی ئەو ڕێیە دەبین کە ئەو بۆ گەلەکەی هەڵبژاردووە و کۆڵنەدان و وەفای ئەو بۆ گەلەکەی دەنگی ئازادیخوازانی کوردی بە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یار و نەیارانی گەلی کوردستان، گەیاند.

پەیامی فراکسیۆنی پارتی
لە ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

بە شانازییەوە یادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەینەوە، کە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، کە لە ٢٥ـی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام درا، ڕۆژێکی نیشتمانیی شکۆدارە و شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانەی بە بەڵێ، دەنگیان بۆ سەرکەوتنی دا.

لە ساڵیادی ریفراندۆمدا، بەڵێن بە سەرۆك بارزانی دەدەین تا بمێنین پێشمەرگەی ئەو ڕێیە دەبین کە ئەو بۆ گەلەکەی هەڵبژاردووە، کۆڵنەدان و وەفای ئەو بۆ گەلەکەی دەنگی ئازادیخوازانی کوردی بە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یار و نەیارانی گەلی کوردستان، گەیاند.

ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان هەردەم شانازی بەو دەستکەوتە مەزنەی گەلەکەمان دەکەین و بە رابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی و بە پێشڕەویی پارتە نەتەوەییخوازەکەمانەوە، خەبات بۆ بەدیهاتنی دەکەین.

سڵاو بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەشداربوون لە سەرکەوتنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و دروود بۆ گیانی شەهیدانی کاروانی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

فراکسیۆنی پارتی
لە پەرلەمانی کوردستان

حزب و لایەنەکان ئەنجامدانی ریفراندۆم بە تێکۆشان و رۆژێکی مێژوویی دەزانن

هەرگیز پەشیمان نین لەوەی دەنگمان بە بەڵێ سەربەخۆیی داوە



خەبات:

لە ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا ژمارەیەك حزب و لایەنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەیامێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیاندا ڕۆژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پیرۆز دەکەن و بە ڕۆژێکی مێژوویشی ناوی دەبەن، هاوکات جەختیشت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نین لەوەی دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان داوە، لە بەشێکی پەیامەکەیاندا هاتووە: سێ ساڵ بەسەر ریفراندۆمەکەی باشووری کوردستان تێپەڕیت، ئێمە ئەو حزب و لایەنە کوردستانییانەی ئاماژە بەناوەکانمان دراوە، ئەو ڕۆژە بەڕۆژێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان پێناس دەکەین و هەرگیز پەشیمان نین کە ئەو ڕۆژە دەنگمان بۆ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، دەشڵێن: گەلە قارەمانەکەمان لە باشووری کوردستان زۆر شۆڕشگێرانە و بوێرانە هاتە سەر سندوقەکانی دەنگدان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دا. ئەو ڕۆژە بوو بەڕۆژێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بە ئامانجی گەیشتن بە خەونە مێژوویییەکەی گەلەکەمان.

ئەو حزب و لایەنانە لە پەیامەکەیاندا تیشك دەخەنە سەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕەخنەی ئەوە ئاراستەی کۆمەڵکەی نێودەوڵەتی دەکەن بەوەی وەك پێویست پاڵپشتی ریفراندۆم نەبوونە، وێڕای ئەوە حزبەکان ئەو ڕۆژە بەڕۆژێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان ناو دەبەن. لە بەشێکی تری پەیامەکەیاندا ڕەخنە لە پیلانگێڕییەکان دەگرن کە بووە هۆی داگیرکردنی بەشێکی خاکی کوردستان و دروستکردنی گوشاری ئابووری و ئاسایشی بۆ سەر گەلی کوردستان. هاوکات جەخت لە دەنگی بەڵێ دەکەنەوە و داوای یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری لە هێزە کوردییەکانیش دەکەن و دەڵێن: بەڵێ بۆ یەکڕیزی و یەکگوتاری و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی، بەرز و پیرۆز بێت سااڵڕۆژی ریفراندۆمی باشووری کوردستان.





ئەمەش ناوی حزب و لایەنەکانە:

- بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان، شەپێڵا نازادیا کوردستانێ، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی پێشەنگی کوردستان - سوریا، پارتی ئازادی کوردستان PAK، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان BSK، پارتی دادی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان - کۆنفرانس، دەستەی سەرۆکایەتی حزبی ڕزگاری کوردستان، پارتی هیوای کوردستان ، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی هاوەدنگی نەتەوەیی کوردستان.

وەزارەتی شارەوانی و پارێزگای هەولێر بابەتی ژینگەسازیی و جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیان تاوتوێکرد

خەبات/ رووداوەکانی ڕۆژ: کاتژمێر ١١ی دوێنێ شەممە ٢٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ژینگەسازی و جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی و ڕێگریکردن لە دیاردەی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی حکوومەت، بەهەماهەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگای هەولێر و بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و جێگرانی پارێزگا و بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی هەولێر و قائیمقامەکان و بەڕێوەبەرانی ناحیە و بەرپرسانی فەرمانگەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار و ژمارەیەکی تری فەرمانگەی حکومی پەیوەندیدار لە سنووری پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو.



لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بابەتی ڕێگریی لە پیسبوونی ژینگە و ژینگەپارێزی بە گشتی و جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی و ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی بایەخدانی زیاتر بە ژینگەی سنووری پارێزگای هەولێریان تاوتوێکرد. سەرەتا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان، بە وردی تیشکی خستە سەر پرسی ژینگەسازی لە ڕووی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و چارەسەرکردنی، وەزیری شارەوانی سەرەتا ڕایگەیاند پرسی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك لەسەر ئاستی کوردستان پرسێکی گەورەیە، جەختیشی کردەوە لەگەڵ ئەوەی کۆکردنەوەی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك ئەرکی کۆمپانیاکانە، لە هەمان کاتدا ئەرکی داموەدزگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانییە بەوردی چاودێری و بەدواداچوون بکەن بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی تایبەت بە خۆڵ و خاشاك و ژینگەسازی بە گشتی، هەروەها ساسان عەونی ڕاشیگەیاند: ئەرکی دامەزراوەکانی شارەوانییە دڵنیابن لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك لەپێناو پاراستن و بایەخدان بە ژینگەی سنووریکە. سەبارەت بە ئەرك و بەرپرسیارێتی هاوڵاتیان لە پەیوەست بە ژینگەسازی، گوتی لە هەمان کاتدا ئەرکی هاوڵاتییانیشە هۆشیاریان لەمبارەیەوە هەبێت، چونکە ئێمە لەبەردەم پرسێکی گەورەی پیسبوونی ژینگەداین و پێویستە بە هەمووان ڕێگری لێ بکەین و بایەخی زیاتر بە پەرەپێدانی ژینگەسازی بدەین. سەبارەت بە ئەرکی فەرمانگە شارەوانییەکان و تەواوی داموەدزگەکانی حکوومەت لە سنووریکە، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار گوتی: ئەرکی دامەزراوەکانی حکوومەت و بەتایبەتی فەرمانگە شارەوانییەکانە بە وردی چاودێری کاری کۆمپانیاکان بکەن بۆ ئەوەی زوو زوو ناوچە گەشتیاری و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت قەراغ شەقامەکان و ڕێگەی گوند و شار و شارۆچکەکان بە باشی خاوێن بکەنەوە. هەروەها ئەرکێکی تری هەموو لایەکی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکوومەت هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییانە بۆ پاراستنی ژینگەی سنووریکانیان بکەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوە و نواندنی چالاکی جۆراوجۆر تا ییەت بە بابەتی ژینگە. تەوەڕێکی تری کۆبوونەوەکە قسەکردن بوو لەسەر جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی و بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆکان بوو، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار داوای لە بەرپرسانی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە کرد پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی یاساکە بۆ بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆکان و ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی لە سنووری پارێزگەی هەولێر. هاوکات وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار داوای لە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگە شارەوانییەکان کرد کە نابێت بە هیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی لە پرسی خزمەتگوزاری و ژینگەسازی بنوێنن، جەختیشی کردەوە هەر کەسێك کەمتەرخەمی بکات، بەگوێرەی یاسا سزا دەدرێت.

پاشان دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر جەختی لە پاراستنی ژینگەی سنووری پارێزگای هەولێر کردەوە، ڕایگەیاند بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە شارەوانییەکان بەمزووانە هەڵمەتێکی ژینگەسازی و چاندنی دار لە سنووری پارێزگەی هەولێر بەڕێوە دەچێت، بەشێوەیەك سنووریکە خاوێن بکرێتەوە و ئەو دارانەی دەچێندرێن، تەنیا چاندن نەبێت، بەڵکوو سیستەمی دانانی قەترەی ئاو دابنرێت بۆ ئەوەی لە تینووێتی بپارێزرێن، باسی لە پەلەکردن بۆ بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆکان و ڕێگریکردن لە هەر دیاردەیەکی زێدەڕۆیی لە سنووریکە کرد.



نووسەرێکی عەرەب داوای ڕاگرتنی بەعەرەبکردن دەکات

د. تیسیر عەبدولجەبار ئالووسی: میلیشیاکان تاوان دژی دانیشتووانی ڕەسەن دەکەن بۆ ئەوەی شوێنی خۆییان بەجێبهێڵن

ئامادەکردنی: شوان سەرابی

تەعریبکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان بابەتێکە نەک تەنها نووسەرانی کورد تیشکیان نەخستووتە سەر لە نووسینەکانیان، بەڵکو نووسەرانی عەرەبیش قسەی خۆیان لەبارەیەوە کردووە و بە مەترسییان زانیوە لەسەر کۆمەڵی عێراقی و لەمبارەیەوە تیسیر عەبدولجەبار ئالووسی یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبانەی لە ئەلواح سومەریە نووسینێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باسی بارودۆخی کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکات، کە بووەتە دیاردەیەک و سەرلەنوێ خەریکە نوێ ببێتەوە بەوپێیەی میلیشیاکان تاوان دژی دانیشتوانی ڕەسەن دەکەن بۆ ئەوەی شوێنی خۆییان بەجێبهێڵن، کە ئەمەش گومانی تێدا نییە کاریگەری دەخاتە سەر گۆڕانکاری دیمۆگرافی ناوچە کێشەلەسەرەکان. ئەمەش ئەوە دەخوازێت لە ڕووی یاسای و سیاسییەوە ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان بەردەوام یاسای نوێ دەرکراوە و هەندێکی دیکە هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەیەک بووە خزمەتی بە ئەجێندای نیشتیمانی نەکردووە، کە دیارترینیان بە تایفیکردنی حوکمی عێراق و بااڵدەستکردنی میلیشیاکان و دروستکردنی ململانێ بووە لەپێناو خزمەتگەیاندن بە گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دا، دواخستنی ئامارێکی سەرتاسەری لە عێراق و هاوکات ئەنجامدانی پێشێلکاری دژی هاوواڵتیانی ڕەسەن و ناچارکردنیان بە جێهێشتنی شوێنەکانی خۆیان بەشێك بووە لەو کردارانەی سەرلەنوێ بۆنی بەعەرەبکردنی ناوچە کێشەلەسەرکانی لێ هاتووە.

ئەو ئیدارانەی، کە لەسەر ڕۆڵەکانی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ سەپێنراون ڕێگایان بە میلیشیا تایفییەکان داوە بێنە ئەو ناوچانە و چاویان پۆشیوە لە زیندووکردنەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و جارێکی تر دووڕخستنەوە و دەرکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەی، کە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕاگوێزرابوون و دوای ٢٠٠٣ گەڕابوونەوە شوێنەکانی خۆیان. جارێکی تر ناچاریان بکەنەوە شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و جارێکیتر عەرەبیان لە شوێنەکانیان نیشتەجێ بکەنەوە. ئەو نووسەرە عەرەبە لە بەیاننامەکەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت نەخێر بۆ بەعەرەبکردنی کورد و تورکمان لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ و داوا دەکات دەستبەجێ تاوانەکانی شەڕی دژی مرۆیی لەو ناوچانە ڕابگیرێت. هەروەها بۆ نەهێشتنی تاوانی گۆڕانکاری دیموگرافی ئاماژەی بە ژێرخانی پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دادات، کە چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە فشاری میلیشیاکان بووبێت، چ ئیدارەی ناوچەکان بە زۆری کورد و تورکمانیان لە ناوچەکانیان دەرکردبێت و عەرەبیان لە شوێنیان نیشتەجێ کردبێت بۆ ئەم مەبەستەش هەموو جۆرە فشارخستنەسەر و تۆقاندن و ترساندنێکیان لە دژی خەڵکە سیڤیلە ڕەسەنەکە بەکارهێناوە. ئەمەش دەچێتە خانەی جۆری ئەو تاوانانەی قانوونی نێودەوڵەتی بە تاوانی جەنگ و تاوانی کۆکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەمی داوە.

لە بەیاننامەکەدا ئەو نووسەرە عەرەبە دەڵێ ئێمە تەنها سەرکۆنەی ئەو کردەوە نامرۆییانە ناکەین، کە دەرهەق بە میللەتی کورد و تورکمان کراوە، بەڵکوو داوا دەکەین ئەنجامدەرانیش بدرێنە دادگا و بە سزای خۆیان بگەیەنرێن، پاش ئەوەی تاوانەکانیان لەسەر جێگیر دەبێت لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. وەك لە سیستمی مرۆیی لە مادەی ٦ و ٧ و ٨ ی ڕۆما جەخت لەوە دەکاتەوە لە حاڵەتێکدا دانیشتوانێکی ڕەسەن لە شوێنی خۆیان دوور بخرێنەوە، یان بەزۆری و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دابڕێڕاو بگوازرێنەوە بە تاوانی دژی مرۆیی لە قەڵەم دەدرێت. هەروەك مادە ٤٩ لە چوارەمین ڕێکەوتنامەی جنێف ساڵی ١٩٤٩ و پاشکۆکەی ١٩٧٧ هاتووە، بە هەموو شێوەیەك گواستنەوەی بە کۆمەڵ، یان بە تاك و بەزۆری یان بە ناخۆشی و ناچارکردن دەچێتە خانەی ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگەوە. هەروەها دەڵێت بۆمان بەدیارکەوتووە، کە بەمدواییە هەندێك لە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ماددەی ١٤٠ بە پاساوی تەجاوز و بە هەڕەشەی چەك لە شوێنی خۆیان دەرکراون و ئەمەش لە خۆیدا بە تاوانی جەنگ پێوانە دەکرێن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ڕێکخراو و دامودەزگەکانی کورد و هێزە عێراقییەکان هاتووە و جەخت لە بەعەرەبکردن لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەکەنەوە، کە تا ئێستا بەردەوامە و ناهێڵن جووتیارە کوردەکان زەوییەکانی خۆیان بکێڵن، ئەگەر کێڵاشیان و لە کاتی دروێنەدا یان لێیان دەسووتێنن یان ناهێڵن بیاندوورنەوە و ئاشکرایە پارێزگاری کەرکووکی بە نووسراوی فەرمی دەستی بەسەر موڵك وماڵی تەنانەت ئەو کوردانەی داگرتووە، کە تاپۆی خانووەکانیان بە ناوی خۆیانە و لە تاپۆی حکومەتیش بەناوی خۆیانە. بۆیە ئەو نووسەرە عەرەبە داوا دەکات ئەو جۆرە کردارانە ڕابگیرێت و زەوی و خانووەکان بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆیان بگەڕێنرێنەوە.



لە کۆتایی بەیاننامەکەدا ئەم داوایانەی خوارەوەی خستووەتەڕوو:-

- بە ڕەسمی داوا لە هەردوو حکوومەتی خۆجێی و فیدراڵی دەکات ڕاگواستنی بەزۆری ڕابگیرێت و دەستبەجێ ڕاگوێزراوان بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنرێنەوە.
- دەرکردنی کەرتی سەربازی لە ئەرکی ئیداری و دوورخستنەوەی میلیشیاکان لەناو شارەکان دا.
- گەڕاندنەوەی کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان و کۆتایی هێنان بە گرێبەستی بەکرێدانە بەزۆرییەکان.
- فەراهەمکردنی بارودۆخێکی لەبار بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری و دوورخستنەوە و بەپەراوێزخستن و دەستبەسەرداگرتن و قەدەغەکردنی هەر ڕەفتارێکی دوژمنکارانە و ترساندنی هاووڵاتیان و تووڕەکردنیان.
- ئامادەباشیکردن بۆ ئاماری دانیشتوان لە شاری کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا.
- هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە بە ئاگاداری نێردراوی نێونەتەوەیی جێبەجێبکرێت و بەبێ خستنەوەی هەر تەگەرەیەك ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت.

ئەمەریکا بەردەوامە لەسەر بەهێزکردنی بنکەکانی لە سووریا

ئەمەریکا ٧٢٠ ملیۆن دۆلاری دیکە وەک هاوکاری پێشکەشی سووریا دەکات



ئەمەریکا بەردەوامە لەسەر بەهێزکردنی بنکە و خاڵە سەربازییەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ناوخۆیەکانی پارێزگای حەسەکە وەرگیراون، سوپای ئەمەریکا کە پشتیوانی لە هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات لە سووریا، ڕۆژی هەینی ٧٠ بارهەڵگر گواستنەوەی نوێی سەربازی لە دەروازەی ئەلوەلید لە سنووری عێراق-سووریا ڕەوانەی ناوچەکە کردووە.

لەو کاروانەدا کە دەچنە بنکە و خاڵە سەربازییەکانی سەربە هێزەکانی ئەمەریکا لە پارێزگاکانی حەسەکە، ڕەققە و دێرازۆر، ١٢ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش، بارهەڵگری سەرداپۆشراو، بارهەڵگری پێداویستی ژیان و ژمارەیەکی زۆر تانکەری گواستنەوەی هەن. هێزەکانی ئەمەریکا لەدوای دوو مانگ و لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لە ڕێگەی عێراقەوە لانی کەم ٣٠٠ بارهەڵگریان لە میانی پێنج کاروان ڕەوانەی ناوچەکە کردووە. لە کاروانەکاندا لە پاڵ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش، بارهەڵگری سەرداپۆشراو، بارهەڵگری پێداویستی ژیان و ژمارەیەکی زۆر تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی، تەقەمەنی و پێداویستی لۆجستیی هەن.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا، ئەمەریکا ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنەکەی چۆڵ کرد و گرنگیی دا بە جێگیربوون لە دەوروبەری ئەو ناوچانەی کێڵگە نەوتییەکانی لێن. هێزەکانی ئەمەریکا کە بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێستادا ١١ بنکە و خاڵی سەربازییان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەریەك لە حەسەکە، ڕەققە و دێرازۆر بوونیان هەیە و بە بەردەوامی پشتیوانیان بۆ ئەو بنکانەی دەگوازنەوە.

لەلایەکی ترەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستوەتەڕوو کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ١٠ وڵات ئەنجامداوە کە زۆرترین هاوکاری مرۆییان پێشکەش کردووە، پۆمپیۆ جەختیی لەوەش کردووەتەوە کە ئەمەریکا لەڕووی زۆری پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بە سووریا و جیهان لە ڕیزبەندی یەکەمدایە و لەو نێوەندەشدا وڵاتەکەی ٧٢٠ ملیۆن دۆلاری دیکە وەك هاوکاری مرۆیی پێشکەشی سووریا دەکات بەمشێوەیە کۆی گشتی ئەو هاوکارییە مرۆییەی واشنتۆن پێشکەشی سووریای کردوە دەگاتە ١٢ ملیار دۆلار.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پاکێجی هاوکارییەکە وڵاتانی تورکیا، ئوردن، لوبنان، عێراق و چەند وڵاتێکی دیکەش دەگرێتەوە کە پەنابەرانی سوورییان گرتووەتەخۆ.



بکوژانی گەنجەکەی گەڕەکی فەرمانبەران دەستگیر کران

شەوی ٢٠٢٠_٩_٢٦/٢٥ چەند کەسێك هێرشدەکەنە سەر ماڵێکی گەڕەکی فەرمانبەران لە هەولێر، لە ئەنجامدا گەنجێکی ماڵەکە دەکوژرێت و دوو کەسی دیکەش بریندار دەبن.

دوێنێ گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەستگیرکردنی چوار تاوانباری ڕاگەیاند، کە لەو ڕووداوەدا تێوەگلاون و هێرشیانکردۆتە سەر ئەو ماڵە. بەپێی قسەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر هەر چوار تاوانبارەکە بەگوێرەی مادەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عیراقی ڕەوانەی دادگا کراون و دۆسیەی لێکۆڵینەوەش بۆ وردەکاری ڕووداوەکە کراوەتەوە.

سەرۆکی شارەوانیی قەرس بیلگەن لەسەر پشکی هەدەپە دەستگیرکرا



لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کۆماری ئەنقەرەوە لەو خۆپیشاندانانەی بە بیانووی کۆبانی لە ٢٠١٤دا سازکران، سەرۆکی شارەوانیی قەرس، ئایهان بیلگەن کە سەر بە هەدەپەیە، دەستگیرکرا.

لەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کۆماری ئەنقەرەوە سەبارەت بەو خۆپیشاندانانەی بە بیانووی کۆبانی لە ٢٠١٤دا سازکراو تیایدا هاوسەرۆکەکانی پێشووی هەدەپە، سەڵاحەددین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ شەنئۆغڵو دەستبەسەرکراون، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگای قەرس، کاتەکانی بەیانی لە خانووی ئایهان بیلگەن لە شەقامی ئینۆنۆ پشکنینیان ئەنجامدا.

دوای دەستگیرکردنی بیلگەن بە زرێپۆش گوازرایەوە بۆ ئاسایش و کارەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوامە. لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەك لە لایەنگرانی هەدەپە لەبەردەم ماڵی بیلگەن گردبوونەوە و کاردانەوەیان نیشاندا.

کوردانی تاراوگە یادی ئەنجامدانی سالّوەگەڕی سێ سالّەی ریفراندۆم پیرۆز دەکەن





ساسان دەرویّش – هۆڵەندا

بەشی دووەم

سێ ساڵ لەمەوبەر لە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکانی کورد و پەراوێزخستنی ماف و ئازادییەکانی هەرێمی کوردستان و دووركەوتنەوەی هەندێ لایەنی مەزهەبی و حزبی عێراق لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە تەواوی پێکهاتەکان دەنگیان پێداوە و عێراقی ئەمرۆی لەسەر بنیادنراوە لە هاوبەشی و پێکەوەژیان، کێشە هەڵواسراوەکان شۆڕبوونەوە بۆ ناو خەڵك و بارودۆخی ژیانیانی تاڵۆزکرد بەتاییەتی بڕینی بودجە، بەمشێوەیەش گەلی کورد ناچارکرا بۆ سەلماندنی شووناسی خۆی و گەڕانەوەی ماف و ئازادییەکانی و پاراستی دەستکەوتەکانی لە دەریاییەك لە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە و ئازادکردنی تەواوی کوردستان لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش، لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە کەرنەڤاڵێکی مێژوویيدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەنگاوی بڕی بەرەو سندوقی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان دا و بووە بەڵگەیەکی مێژوویی هاوشانی پەیاننامەی سیڤەر و یانزەی ئادار، لەم هەنگاوە پیرۆزە و سەرکەوتنەکەی کوردانی تاراوگەش ڕۆڵی گرنگیان بینی، وێرای لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەورووپا و دنیا کار و چالاکی هەمەڕەنگیان ئەنجامدا و دواتر لە فێستیڤاڵی کۆڵن هەموویانی کۆکردەوە و بەیەك ئاراستەویەك پەیام بۆ دنیای بسەلمێنن کە کورد داواکاری چییە، بەم بۆنەیەشەوە چەند کەسایەتییەکی دیاری ناو کوردانی تاراوگە بۆ خەبات دوان:

ریفراندۆم مافێکی یاسایی و مرۆییە

زاهیر سەوز لە سوید بەم بۆنەیەوە گوتی: ڕیفراندۆم مافێکی یاسایی و ئینسانی مرۆڤە، لەمبەری ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، ناتوانێت ئەو ڕیفراندۆمەی لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە سەدا نەوەت و دوو، گوتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ڕەتبکاتەوە و لە قاوغ و مەبەستی پیرۆزی خۆی دەرهاوێژی و ڕەتی بکاتەوە، بەڵام ئەتوانێت لە پرۆسەکەدا بەشدار نەبێت، یان کە چووە بەردەم سندوقی دەنگدانەکە بڵێت نەخێر، ئەم نەخێرە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی، کارێکی نەشیاو و شاعارە، کوردی بەئەمەك لەبەردەم ڕووبارە خوێنی دا چۆڕاو لە جەستەی میللەتی کورد هەڵوەستەیەك دەکات و پەنجەی بەڵێ مۆر دەکات بۆ ئەو بڕیار و سوربوونەی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاك مەسعود بارزانی و هەڤاڵەکانی کە پێشەنگ بوون و کاری دڵسۆزانەیان بۆ کرد و هەنگاوی کردەییان بۆ ئەم پرۆسە پیرۆز و چارەنووسە هەڵنا، ئەم بڕیار و هەنگاوەیان لە مێژووی کورددا بەئاوی ئاڵتون دەنووسرێتەوە، هەتا دنیادنیایە، بەگەشی دەدرەوشێتەوە، یادی سەرکەوتنی ریفراندۆم پیرۆز دەکەم و ئەو کەسانەش دەخەمە بەردەم دادگای ویژدان کە بەخۆیاندا بچنەوە و دوای دوژمن و داگیرکەر نەکەون، چونکە ئامانجی پیرۆزی ریفراندۆم هەر دێتە دی .

خاتوو تەلار گوڵانی لە ئەڵمانیا لەناخی دڵییەوە ئەم ڕۆژەی پیرۆزکردو گوتی: ڕیفراندۆم ڕۆژێکی لەبیرنەکراوە وپرشنگدارە لە مێژووی گەلی کوردستان و بۆ هەمیشە بە بەرزی لە ئاسمانی کوردستاندا هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە، ئەو ڕۆژەش دێت کە گەلی کورد لە سایەی بڕیاری گەل بۆ سەربەخۆیی کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دایان بۆ هەمیشە وەکو گەلانی دیکەی ئازادی جیهان سەربەرز و سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی سالّیادی ریفراندۆم لە مەرجەعی باڵای کورد جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و گەلی کوردستان دەکەم، بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم و نۆیبوونەوە بەو پەیانەی بەنیشتیمانمان دابوو بۆ هەمیشە سوورم لەسەر بڕیاردانی خۆم، نامەوێت چیتر داگیرکاران لە بۆسەدابن بۆ لەناوبردن و سڕینەوەم منی کوردی خاوەن زمان و خاکی خۆم بەڕەوای دەبینم لە خەبات و قوربانی دانی باوباپیرانمان کیانێکمان هەبێ بەناوی دەوڵەت .



زاهیر سەوز

ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو


قەیس قەرەداغی لە ئەڵمانیا بەمشێوەیە یادی دەکاتەوە و گوتی: پرۆسەی ریفراندۆم زۆر گرنگ و سەرکەوتوو بوو تا ئێستاش، بەڵکو دوای سەد ساڵی دیکەش ئەنجامەکانی ئەو ڕیفراندۆمە دەبێتە بەردی بناغەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، جا بۆیە بە دەنگێکی بەرز و شانازییەکی زۆرەوە دەڵێم من سەر بەریفراندۆمم، بەڕای من لە گەلێ هەنگاوی نەتەوەیی و نیشتیمانی دیکە گەورەتر، ڕیفراندۆم لە حوکمی زاتی گەرەتر و پێویستر، وڵاتانی دراوسێ شەڕانگێز هەڕەشەیان کرد، بەڵام هیچیان پێنەکرا و ناکرێ جا با ئەو کرمە درمەی ناوداراکەی خۆمان نەبوایە سوپای عێراق نەدەهاتنە کەرکووك.

سەرکردایەتیی کورد سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵ ریفراندۆمدا کرد

جەلال شوانی لە بەریتانیا بۆ ئەم یادکردنەوەیە گوتی: یادی سێ ساڵەی ریفراندۆم پیرۆزبێت، لە دانیشتنی ناڕاسایی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری ١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پەسەند کرا و لە ٢٥ی ئەیلوولی هەمان ساڵیش ریفراندۆم ئەنجامدرا لەژێر ئاڵای بەرزی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی، بێگومان ریفراندۆم دریژەپێدەری ڕێبازی بارزانیی نەمر و ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بۆیە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی بە بەڵێ دا کە ڕێژەکەی گەیشتە نزیکەی ٩٣٪ خەڵکی کوردستان، یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ریفراندۆم یەکپارچەیی کوردستان بڕیاری خەڵکی کوردستان بوو، من پێم وایە سەرکردایەتیی کورد زۆر سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵ ریفراندۆم کرد سەرەڕای ئەوەی زۆر لە وڵاتان لە کۆتا ڕۆژ پاشەکشەیان کرد لە پشتگیری کورد، بەڵام سەرکردایەتیی کورد بڕیاری دا بەگەڕانەوە بۆ قوڵایی کورد و کوردستان پشتبەستن بەهزری نەتەوەیی کوردستان کە ئەمە یەکێك بوو لە خاڵە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی



جەلال شوانی



تەلار گوڵانی



قەیس قەرەداغی



شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی

ریفراندۆم شوناسە بۆ کۆچبار

شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی لە هۆڵەندا بەم شێوەیە باسی کرد و گوتی: لە گۆشەنیگای خۆمەوە وێنای جوانی بەئەنجامدانی ریفراندۆم دەکێشم، کە لە خەون و خەیاڵی منداڵیمدا گوزەری کردووە بەشێوەیەك و بەناوێکی تر لە ماف و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ میللەتێك هەمیشە کۆچبار و لە خەبات کردنداببووە بۆ ئەو ناوە پیرۆزانەش ئەمڕۆیە کە جەنابی سەرۆك بارزانی و تەوای خەڵکی کوردستان دەنگیان پێدا، بۆ منێکی هەمیشە کۆچبار ڕیفراندۆم گەڕانەوەی شووناس و ناسنامەکەم بوو کە لەنێو کۆمەڵگە بیانییەکان دەنگ هەڵبڕم بڵێم من کوردم و چیتر ناوونانۆرمەم لێ مەنێن کوردستانیم .



دیندار کۆچەر

خوێن و گیانی خۆیان خەڵاتکردووە، هەمیشە بەدوایدا دەگەڕام و ماندوو نەدەبووم، چونکە قەدەرم لەگەڵ قەدەری خێزانەکەم بەستراببو بە باوکی پێشمەرگەمانەوە بوو، لەچاوی ئەواندا وێنە کێشراوەکەی خۆمم بە تەمومژاوی دەبینیەوە، لە ئاوارەی ئێران و غوربەتی هەندەران نائومێد نەبووم لەسەرخستی و ئازارەکانی دەروون لەوەی داگیرکاران بستێك خاکت پێ ڕەوانەبینن بۆ وچانێك و تامکردنی ئازادی و هەمیشە ئەو ئومێدەم لە بازووی پێشمەرگە و هەگبەی لە شانی پڕی دڵسۆزیان بۆ خاك و گەل دەبینیەوە بەپێنووسەکەی نێو مشت و پەنجە بچووکەکانم بۆ هەر وێنەیەکی وانەکانم خۆڕێکم دەکێشا لەنێو چیاکاندا کە دیارە ڕیفراندۆمی ئەمڕۆیە کە جەنابی سەرۆك بارزانی و تەوای خەڵکی کوردستان دەنگیان پێدا، بۆ منێکی هەمیشە کۆچبار ڕیفراندۆم گەڕانەوەی شووناس و ناسنامەکەم بوو کە لەنێو کۆمەڵگە بیانییەکان دەنگ هەڵبڕم بڵێم من کوردم و چیتر ناوونانۆرمەم لێ مەنێن کوردستانیم .

ریفراندۆم کوردی زیاتر بە گەلان ناساند

دیندار کۆچەر لە هۆڵەندا بۆ بیرەوەری خۆی لەگەڵ ڕیفراندم گوتی: ڕیفراندۆم وەك ئەو کۆڕپەلە جوانە بوو کە بەنزا و پارانەوەی دایك و باوکێك بە حەسرەتی منداڵێکەوە بوون بۆ لە دایکبوون، بۆ ئێمەی کوردستانیش هەمان هەست و خۆشەویستی ئەو دایك و باوکە بوو کە خەونی لەمێژینەی میللەتەکەمان بوو، ڕیفراندۆم لە دایك بێت، منێك لە نێو تەپوتۆزی ئاگرو ئاسنی ئەنفال و هێرشەکانی بەعس بۆ سەنگەرەکانی کوردایەتی لە نێو ئەشکەوتەکان ڕۆژو شەوگرێ بدەم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکم لە پێشمەرگایەتی و ئاوارەبوونم بۆ ئەودیو سنووەکان و سڕینەوەم لە نەخشەی خاکی باوباپیرانم، ڕیفراندۆم ئاسۆیەك بوو بۆ ئەو ڕۆژە سەختانەمان کە بەئومێدەوە بەچیادا هەڵدەگەڕاین بەرەو خۆر و ڕزگاری، کە دەرئەنجامەکەی ڕیفراندۆم بوو بۆ هەمیشە لە ئامێزی بگرین وەك ئەو کۆڕپەلەیە، کاریگەریی ڕیفراندۆم بووە هۆی زیاتر ناساندنی کورد و دۆزە ڕەواکەی کە هەندێ میللەت و وڵات هەبوو کوردیان نەدەناسی بەمشێوەی کە هەیە لە مێژوودا لە میللەتێکی چەوساوە و زیندوو و خاوەنی ناسنامەی خۆی کە بەردەوام هەوڵی لەناوبردن و بێبەنکردنی کراوە، بەڵام ڕیفراندۆم بووە ئاشناکردنی و بووە شوناسێکی نەتەوەیی میللەتی کورد لە وڵاتانی جیهان بەگشتی کە پێش ڕیفراندۆم کە هەموو لە خەت بوون بۆ ئەوەی بزانن چی ڕووەدات و چی ئەنجام دەدات، کە ئەوەی بینرا ئیرادەیەکی بەرزی خەڵکی باشوور بوو لە و سەرکەوتنەی کە دەنگدانیان بە بەڵێ بوو .

ئەمەریکا ماوەی ٦٠ ڕۆژی دیکەی بە عێراق دا بۆ هاوردەکردنی کارەبا لە ئێرانەوە




ئیدارەی ئەمەریکا، ئاشکرای کرد ماوەی لێبوردن لەسەر عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستی کارەبا بۆ ٦٠ ڕۆژی دیکە درێژکراوەتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە ڕاگەیەنراوێکدا بڕیارەکەی ئاشکرا کرد و داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە لە بواری وزەدا پەیوەستبوونی بە ئێرانەوە کەم بکاتەوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەمەریکا لە چوارچێوەی ئەو سزایانەی کە لەسەر ئێران جێبەجێیکردووە، ماوەی لێبوردن لەسەر عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستی کارەبا بۆ ٦٠ ڕۆژی دیکە درێژکردووەتەوە.

بەرپرسێکی وەزاری کە لێدوانی بۆ میدیاکانی ئەمەریکا داوە و نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت گوتوویەتی، ئەم لێبوردنە بۆ دابینکردنی پێداویستی عێراقە لە وزە، بەڵام ئامانج لێی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونە بە وزەی ئێرانەوە. بەرپرسەکە، لەبارەی ئەو ماوەیەی کە دراوە گوتی، لەو بڕوایەدایین حکوومەتی عێراق لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا دەتوانێت لە بواری وزەدا هەنگاوی باش بنێت بە ئاراستەی دابینکردنی توانای خۆی لە بوارەدا. لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ئەو وڵاتە زنجیرەیەك سزای ئابووری خستە سەر ئێران و ڕایگەیاند کە هەمان سزا دەخاتە سەر ئەو وڵاتانەی هەماهەنگی لەگەڵ ئێران دەکەن. ئیدارەی ترەمپ بەهۆی ئەوەی عێراق دراوسێی ئێرانە و لە بواری وزەدا پەیوەستە بەو وڵاتە جۆرێك لە لێبوردنی لەگەڵ عێراق جێبەجێ کردووە، سەرەتا ئەم ماوەیەی بە ١٢٠ ڕۆژ دیاریکردبوو و لەگەڵ کۆتاییهاتنی وادەکە بۆ سێجار درێژکراوەتەوە کە دواینجاریان ئەمەی ئێستایە کە ٦٠ ڕۆژە.

ئەندەرپاسێک لە دەروازەی زاخۆ دروست دەکرێت



خەدیجە محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی دهۆك بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ڕێگای سەرەکیی زاخۆ نزیك دەروازەی شارەکە بەهۆی هەبوونی قەڵەبالغییەوە ڕۆژانە ئاستەنگی هاتوچۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەش، ئیدارەی زاخۆ داوای چارەسەریی بۆ ڕێگاکە کردووە. بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی دهۆك گوتیشی: بڕیارمان داوە ئەندەرپاسێك لە دەروازەی شارۆچکەی زاخۆ دروست بکەین و کێشەی دەروازەکە چارەسەر بکەین، بە دروستکردنی ئەندەرپاسەکە ئاستەنگی هاتوچۆ نامێنێت.

خەدیجە محەمەد ڕوونی کردەوە: پڕۆژەکە دیزاینی بۆ کراوە و لە قۆناغی کۆتاییدایە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئەندەرپاسی شارۆچکەی زاخۆ بکرێت، کە دوای تەواوبوونی هەم سیمایەکی جوانتر بە دەروازەکە دەدات، هەمیش کێشەی هاتوچۆ چارەسەر دەبێت.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:

100 کارگە دروست دەکرێن

د. محەمەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: وەکو دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، بڕیارمان داوە ئیدی ڕۆتینی کاری وەبەرهێنان زۆر کەم بکەینەوە و نەیهێڵن، ئێستا لە کۆتایی کارەکەدایین و بەم زووانە وردەکارییەکان ڕادەگەیەنین. شوکری گوتیشی: مۆڵەت دەدەینە ١٠٠ کارگەی پیشەسازی و کشوکاڵی لە هەرێمی کوردستان و خاوەنەکانمان ئاگادارکردوونەتەوە کە هەندێك هەیە چەند ساڵێکە پێشکەشیان کردووە و ئێستا کارەکانیان بۆ تەواوکراون و مۆڵەتیان پێدەدرێت و دەست بەکاری خۆیان دەکەن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات کارگە دروست بکەن. دەشڵێ: داوامان کردووە تا یەك دوو هەفتەی دیکە خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دەست بە دروستکردنی ئەو ١٠٠ کارگەیە بکرێت.

بەرپرسی لقی 16:

یەکێتی لاوان هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ پێشەنگی کاری ڕێکخراوەیی بووە



بۆ ئاگاداربوون لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کاری ڕێکخراوەکەیان و تاوو تۆیکردنی بەرنامەی کاری داهاتوویان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی لەبارەگای لق لەگەڵ لەگەڵ بەرپرس و ستافی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە . لەدەسپێکدا بەرپرسی لقی ١٦ تیشکی خستەسەر ڕۆڵی پڕ بایەخی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە هەر لەسەرەتای هاتنە وجودی ئەو ڕێکخراوەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ بێپچڕانەوە لەڕێگای کارو پڕۆژەکانیەوە هەمیشە لەخەمی پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاست و توانای لاواندا بووە، هەربۆیە لەپێشەنگی کاری ڕێکخراوەیی ماوەتەوەو بەهەزاران لاوی نیشتمانەکەمان بەبێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی لەدەوری ئەو ڕێکخراوە کۆبوونەتەوە. دواتر ستافی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر لەبەرامبەر ئەو هاوکارییە بەردەوامەی بۆ ڕێکخراوەکەیان هەیەتی بەرنامەو کارو پڕۆژەکانی داهاتووی ڕێکخراوەکەیان خستەڕوو لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی تۆێژی لاوان.

بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەری نوێی ناحیەی عەنکاوە و عەبدولڕەحمان سدیق دەکات





ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کاگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی عەنکاوە، سەردانی ناحیەی عەنکاوەی کرد و پیرۆزبایی لە ڕامی نوری عودیش سیاوش کرد بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکە و پشتیوانی لقی دووی بۆ دووپات کردەوە لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری دانیشتوانەکەی، جەختیشی لەوە کردەوە کە نموونەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا، سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و پاراستنی ئەو پرەنسیپەش لە ئەولەویەتی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

هەروەها ڕۆژی پێنج شەممە ٢٤ ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، بەرپرسی لقی دووی بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هەولێر، سەردانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی کرد و پیرۆزبایی لە ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق کرد بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی دەستەکە و پشتیوانی لقی دووی بۆ دووپات کردەوە. لەو دیدارەدا پرسی گرنگی ژینگە و میکانیزمەکانی پاراستنی باسیان لێوەکرا لەگەڵ ڕێککار و پڕۆژە نوێکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان لەسەر ئایندەی ژینگە لە کوردستان.

شارەدێی دیانا... وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی ١٠٠ میگاواتیی کارەبا دروست دەکرێت

بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا ڕایگەیاند: پێشتر بەهۆی کێشەی کەمیی کارەباوە، بەتایبەتی لە وەرزی زستان کە کارەبا بە شێوەی پچڕ پچڕ دەبڕا، هاوووڵاتیان تووشی گرفتی زۆر دەبوون، بۆیە ئێستا بڕیاری دروستکردنی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سنووری ناحیەکەمان کەوتووەتەوە واری جێبەجێکردنەوە.

فەرزنگ ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕۆژەی بەرهەمهێنانی وێستگەی ١٠٠ میگاواتیی کارەبا جێبەجێ دەکرێت کە بە تەواوبوونی پڕۆژەکە لەسەدا ٧٠ی گرفتەکانی کەرتی کارەبا چارەسەر دەبێت.

فەرزنگ ئەحمەد گوتیشی: بە شێوەیەکی گشتی پڕۆژەکە بۆ بەرهەمهێنانی ٤٠٠ میگاوات کارەبایە و بۆ هەرناوچەیەك ١٠٠ میگاوات دابین کراوە کە وێستگەی یەکەم لە ناحیەی دیانا و دووەم لە قەزای زاخۆ و سێیەم لە قەزای ڕانیە و چوارەمیش لە ئیدارەی گەرمیان جێبەجێ دەکرێت.

دەرخستەیەک بە گوژمەی 15 ملیار دینار بۆ ئیدارەی سۆران ئامادە دەکرێت



قایمقامی سۆران ڕایگەیاند: لە ڕێگای پارێزگای هەولێرەوە، دەرخستەیەك بە گوژمەی ١٥ ملیار دینار بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنووری ئیدارەی سۆران و ناحیەکانی دیانا و سیدەکان و خەلیفان، ئامادە دەکرێت.

کرمانج عیززەت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، پارێزگای هەولێری ئاگادار کردووەتەوە، کە کۆمەڵێك دەرخستە بۆ سنووری دەڤەری سۆران ئامادە بکەن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، کە ئەولەویەتی سەرەکی بۆ ئەو پڕۆژانەیە کە تەواو نەکراون لە سێکتەرەکانی کارەبا و ئاو ئاوەڕۆ و شارەوانی و ڕێگاوبانەکان و بەشێکی دیکەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەردەوامیش هەوڵبان داوە بۆ سنووری ناوچەکەمان باشترین پڕۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکەین. عیززەت گوتیشی: دەرخستەکە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە کراوە بە گوژمەی ١٥ ملیار دینار، لەلایەن پارێزگای هەولێریشەوە بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەزر دەکرێتەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی بڕی گوژمەکە بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزاکە دەربڕێت.

هەولێر... نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان بە کەرتی تایبەت نادرێت



ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/٢٥ تەندروستیی هەولێر هەواڵی پێدانی نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی بە کەرتی تایبەت ڕەت کردەوە و لەمبارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەی تەندروستیی هەولێردا هاتووە کە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان ماوەی ١٥ ساڵە بۆ چارەسەرکردنی منداڵانی نەخۆشی شاری هەولێر و دەوروبەری دروست کراوە، لەم ماوەیەدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی نەخۆش و ڕووتێکردنی نەخۆش لە شار و شارۆچکەکان و کەمی ژمارەی قەرەوێڵەکانەوە، لەلایەن خێرخوازێکەوە دەست کرا بە پڕۆژەی دروستکردنی بینایەکی نوێ و سەردەمیانە لە ناو نەخۆشخانەی ڕاپەڕین، کە دەبێتە بەشێك لە نەخۆشخانەکە و بەم هۆیەوە شوێنی زیاتر بۆ نەخۆشی خەوێندراو لەو نەخۆشخانەیە دابین دەکرێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، هەر نەخۆشخانەیەك کە لەلایەن خێرخوازێك یان سەرمایەدارێکەوە دروست دەکرێ، ناوەکەی لەلایەن ئەوەوە دادەنرێ، بەڵام بەو مانایە نایەت کە بکرێتە هی کەرتی تایبەت، بۆیە بوونی نەخۆشخانەی ڕاپەڕین بە کەرتی تایبەت ڕەت دەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن کە هاوشێوەی پێشوو حکوومیە و بێ بەرانبەر لە خزمەت منداڵاندا دەبێت.



ئەمرۆ خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات



بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە، پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەستپێبکات، کە لە قۆناغی یەکەمدا پۆلی ١٢ی ئامادەیی بەپێی ڕێنمایی تەندروستی دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکەن و لە مانگی داهاتووشدا قۆناغەکانی دیکە دەست بە خوێندن دەکەن.

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لەسەر بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سبەی (ئەمڕۆ) ٢٧ی مانگ، پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات و سەرەتا پۆلی ١٢ی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانیەوە لەناو هۆڵی خوێندن دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکەن بەپێی ڕێنمایی تەندروستی، کە پێویستە دەمامك بەکاربێنن و ئاوی خواردنەوە و خواردن لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیان ببەن و گردبوونەوە دروست نەبێت، هەروەها کافیتریاکان لەناو قوتابخانە دادەخرێن و پێویستە دانیشتنی قوتابیان بە جۆرێك بێت، کە مەتر و نیوێك لە نێوانیاندا هەبێت.

سەرچاوەکە گوتیشی، ١٠/١٠ خوێندنی قۆناغی یەکەم و دووەمی بنەڕەتی لەناو هۆڵ دەست پێدەکات و پۆلەکانی ٣ی بنەڕەتی تا ١١ی ئامادەیی بە شێوەی ئەلکترۆنی دەبێت، بۆ ئەمەش ئاماژەی بە نموونەی هەندێك لە کایە کۆمەڵایەتییەکانیاندا سوودێکی زۆریان بینیوە نەخاسمە لە پێگەیاندن و بنیاتنانی کەسایەتی و بەکاربردنی لە بواری دیکەی سیاسی و دامەزراوەییدا.



مسلم دۆلەمەری- بارزان:

لە یادی سێ ساڵەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، لە هاوینەهەواری گەشتیاری جافرکای سەر بە ناحیەی بارزان بە ئاماژەبونی مەیسەر نەهێلی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەك لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیداری و حزبی و ڕێکخراویی، ناوەندی بااڵی بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆگرافەر محەمەد دلێر شەفیع بارزانی کردەوە. لە پێشانگاکەدا دەیان وێنەی جیاجیای ژینگەی دەڤەری بارزان نمایشکرابوون، کە گوزارشتیان لە ژینگەپارێزی و ئازادیی گیاندارە کێویەکانیان دەکرد لە دەڤەری بارزان بە دریژایی مێژوو .



کەوتنەوەی ئاگرێک دەیان دۆنم پوش و پاوان دەسووتێنێت

مسلم دۆلەمەری- بارزان:

بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکی نادیار لە گەلی کۆزلیتانی سەر بە ناحیەی بارزان بە دەیان دۆنم لە پوش و پاوان و دارو درەخت و گیانداری کێویی ناوچەکە سوتاوەولە ناوچووەو زیانی زۆریان بەرکەوتووە. ،لەلایەکی تر چونکە دەڤەری بارزان ناوچەیەکی پارێزراوی ژینگە پارێزیە سالانە بە هۆی کەوتنەوەی ئاگری جۆراوجۆر بە دەیان جۆری گیانداراە کێویەکان دەمرن ولەناو دەچن ،بەڵام لەبەر دووری ناوچەکە لە ڕێگاوبانی سەرەکی و بوونی شاخی زۆر لە ڕێگای تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان زەحمەتە.



مێژووی پاراسایکۆلۆژی لە کۆڕێکی لقی چواردا

لە دریژەی کارو چالاکییەکانی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ ی ئەیلوول لە بارەگای لق، بە ئاماژەبوونی هەڤاڵ سەعید سەلیم و ژمارەیەك لە کارگێڕو ئەندامانی لق و سەرۆك و ئەندامانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلیمانی و کادیرانی لق و ناوچەکانی پارتی و هەر دوو ڕێکخراوی قوتابیان لاوان، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا مامۆستا جەبار عوسمان، شارەزا لە بواری سایکۆلۆژیادا بابەتیکی تێروتەسەلی لەسەر سایکۆلۆژیاو ڕۆڵی ئەو بواڕە لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا خستەڕوو.

کە تێیدا کۆڕگێڕ باسی مێژووی پاراسایکۆلۆژی لە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی پاراسایکۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤدا دەگێڕێ، بۆ ئەمەش ئاماژەی بە نموونەی هەندێك وڵاتی باڵادەست و بەهێزی جیهان کرد کە لە ئاکامی گرنگیدان بەو بواڕەو کاراکردنی لە کایە کۆمەڵایەتییەکانیاندا سوودێکی زۆریان بینیوە نەخاسمە لە پێگەیاندن و بنیاتنانی کەسایەتی و بەکاربردنی لە بواری دیکەی سیاسی و دامەزراوەییدا.

هەولێر. ناوچەیەکی گەورەی پیشەسازیی تەندروستی دروست دەکرێت

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر ئاشکرای کرد ناوچەیەکی گەورەی پیشەسازیی تەندروستی لە سنووری شاری هەولێر دروست دەکەن و بۆ ئەو مەبەستەش کار و ڕێوشوێنی پێویستیان گرتووەتە بەر.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ئەو ناوچە پیشەسازییە تەندروستییە، لەسەر ڕێگەی (هەولێر – خەبات) دروست دەکرێت و ٤٠٠ دۆنم زەوی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە. گوتیشی: لەو ناوچە پیشەسازییە، کارگەی دەرمان، کارگەی دروستکردنی پێداویستیی پزیشکی و تەندروستی و کارگەی ئاوی کانزایی و کارگەی زۆربەی ئەو شتانەی تایبەتن بە تەندروستی دادەمەزرێندرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر باسی لەوەش کرد: لە ئایندەیەکی نزیکدا بانگەواز دەکەین بۆ کۆمپانیا بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ شوێنەکە ببات و دوای ئەوە بەپێی مەرج و ڕێنوێنییە دیاریکراوەکان دەیدەینە وەبەرهێنەران بۆ ئەوەی کارگەکانی تێدا دابمەزرێنن.

جووتیارانی خۆپیشاندەر: بەڵگەی ڤیدیۆییمان لایە پەتاتە بە قاچاخ هاوردە دەکرێت



ژمارەیەك جوتیار لە بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ دژی هاوردەکردنی پەتاتە لە وڵاتانەوە گردبوونەوەیەکان ئەنجامدا، داوایان لە وەزیری کشتوکاڵ کرد، هاوردەکردنی پەتاتە ڕابگرێت.

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٤-٩-٢٠٢٠، بەشێکی جوتیارانی خاوەن کێڵگەی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ساختەبوونەوەی بەرهەمەکانیان و هاوردەکردنی بەرهەمی قاچاغ لە بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ گردبوونەوەو داوایان لە بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم کرد، ڕێگری لە هاوردەکردنی بەرهەمی قاچاغ بکرێت.

ژمارەیەك لەجوتیاران ڕایانگەیاند، تەنها داواکاری ئێمە قەدەغەکردنی هاتنی بەرهەمە کشتووکاڵییەکانە بەتایبەت پەتاتە بەشێوەی قاچاغ لە دەروازە سنوورییەکان.

جوتیاران بەشێکی بەرهەمی پەتاتەیان فڕێدایە سەر شەقامی سەرەکیی بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ و شەقامەکانیان داخست.

بەشێك لە جوتیاران لەبەردەم وەزیری کشتوکاڵ ڕایانگەیاند: ئێمە بە بەڵگەی ڤیدیۆیی لامانە، پەتاتە لە هەردوو مەرزی باشماخ و پەرویزخانەوە بە قاچاخ هاوردە دەکرێ.

ئەو جوتیارانە داوایان لە وەزیری کشتوکاڵ کرد، لێژنەیەکی وردبینی بنێرێتە عەلوەکان، تا بۆی ڕوونبێتەوە کە پەتاتە بە قاچاخ هاتووە یان نا. لە بەرامبەردا بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ ڕایگەیاند: نوسراوێك بۆ داواکاری گشتی هەرێم دەکەین تا ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو خاڵە سنووریانە بگیرێتەبەر کە بەرهەمی قاچاغی لێوە هاوردە دەکرێت. بێگەرد تاڵەبانی گوتیشی: ئەو پەتاتەیەی بەقاچاغ هاوردە کراوە وەك وەزارەت ڕێوشوێنی یاساییان گرتوەتەبەرو دەستبەسەر بەرهەمەکەدا گرتووە.

ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی بکوژێکی ڕاگەیاند

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، دەستگیرکردنی بکوژێکی ڕاگەیاند، کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٧، لە فلکەی زراعەی شاری هەولێر، لە دەستڕێژی گوللەدا هاوڵاتییەکی بەناوی ئەلیاس قادر کوشتووە و هاوڵاتییەکی دیکەشی بریندارکردووە.

ڕاگەیاندراوێك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر

لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ کاتژمێر١١ی شەو لە چواربیانی (فلکەی زراعە)ی شاری هەولێر لە ڕوداوێکی دەستڕێژی گوللەدا،هاوڵاتی (الیاس قادر) گیانی لەدەستدا و هاوڵاتیەکی تریش بریندارببوو.

پاش بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیان، توانرا سەرەداوی تاوانەکە بدۆزرێتەوە و لە ٢٠٢٠/٩/٢٣ تاوانباری بکوژ بەناوی (گەیلان خالد حمد عباس) لەدایکبووی ١٩٩٨ دانیشتووی شاری هەولێر، لەسەر فەرمانی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە بە مادەدی (٤٠٦ ی.س) لامان بەندکرا و لەبەردەم دادوەر دانی بە تاوانەکەی دانا کە هەڵساوە بەتەقەکردن لە ئۆتۆمبێلەکەیان.

دۆسیەی تۆمەتبار لەلایەن دادگا ڕێکارە یاساییەکانی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر

٢٠٢/٩/٢٦

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، حاجی محەمەد عەلی مەلاسیفی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی دایکی کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

.....

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد میرزا میرزا

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، تێکۆشەر (محەمەد میرزا میرزا).

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خودای گەورە داواکارین سەبووری بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

.....

هەڤاڵی بەڕێز دکتۆر عەلی ڕەشید

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (ڕەشید ئەحمەد خۆشناو).

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و، هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبووری بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

.....

بەڕێزان خانەوادەی هونەرمەند و شانۆکار (عەباس ژاژڵەیی)

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان (عەباس ژاژڵەیی) بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و سەرجەم هونەرمەندان دەکەین.

هونەرمەند(عەباس ژاژڵەیی)لە ساڵی (١٩٥٠)لە دایك بووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی(١٩٥٨) بۆیەکەم جار بەشداری کاری شانۆیی کردووە و، لە ساڵی(١٩٧٠)لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو(حاجی مەکی) تیپی شانۆی سەندیکای کرێکارانی پێکهێناوە.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو(عەباس ژاژڵەیی)یەکێك بووە لەو هونەرمەندە ناسراوانەی خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی و کادیری دڵسۆزی پارتیمان بوو، هەروەها وەك ڕێکخەر و هەڵسووڕێنەری کارای کاری پیشەیی کەسایەتیەکی ناسراوی بواری هونەر و شانۆ بوو و ڕۆڵی کاریگەری لەناو چەندین ڕێکخراو و سەندیکای هونەری و ڕۆشنبری گێڕاوە و لەو ڕێگایەوەش خزمەتێکی زۆری بەم بواڕە کردووە و، خاوەن ئەرشیف و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی تایبەت بەخۆیەتی.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو وێڕای نارەحەتی و چەندینجار دەربەدەری و ئاوارەیی لەبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی، بەردەوامبوو لەسەر ڕێباز و بیروباوەڕە نەتەوەیی و ڕێچکە هونەریەکەی تا دواساتەکانی ژیانی، بەداخەوە کۆچی دوایی زیان و کەلێنێکی گەورەیە لە بواری هونەر و شانۆی کوردیان. ئومێدەوارین هاوخەمیی هونەرمەندان و شانۆکار و هاوپیشە و هەڤاڵانی هونەرمەندی کۆچکردوو مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوە و گشت لایەك بێت.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەك ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

.....

بەڕێزان/ بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو (محەمەد میرزا میرزا)

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (محەمەد میرزا میرزا)م، پێگەیشت، خوالێخۆشبوو لەتەمەنی خۆیدا، پێشمەرگەیەکی بەوەفا و دڵسۆزی کوردایەتی بووە، لە خەباتکردن بۆ گەل و نیشتیمان نەپساوەتەوە و بەردەوام بووە، لەدەستدانی خەسارەتێکی مەزنە و کۆستێکی گەورەیە بۆ ڕێبوارانی ڕێبازەکەی.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پەیامی هاوخەمی خۆمتان ئاراستە دەکەم، و داواکارم لەیەزدانی مەزن ئارامیتان پێ ببەخشێت، خوالێخۆشبووش بخاتە بەر دڵۆڤانی خۆی و ڕێ و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبوار بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

با لە منالّییەوە منداڵان فێری خۆشەویستی بکەین



قارەمان

منداڵی ساوا سەرەتا لەناو خێزان چاوی دەبێتەوە, یەکەمین هەڵس وکەوتی مناڵ لەناو خێزان دەست پێ دەکات لەماڵەوە یەکەمین کاریگەری منالّا دەست پێدەکات, ومنداڵ کەم کەم گەورە دەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگەیە. تەرازوی تەندروستی جەستەی روحی منالّا بەستراوە بەو پەیوەندیەی کە خێزان هەیەتی لەگەڵا منالّا و تا چەند بۆ منالّەکە تێ دەکۆشێت و پێداویستیەکانی دەستەبەر دەکات. بەڵام لێرەدا باسەکە کۆتایی پێ نایەت ، بەڵکو گرنگی پێدان و روو لەیەکتر کردنی دایك و باوکیش لە هۆکارە کاریگەرەکانی زیادبوونی تەندروستی روحی منالّە و دەبێتە نموونەیەك بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی دواڕۆژی منالّا.

هەندێك جار دایك وباوك ئەوندە سەرقالی دابین کردنی پیداویستی منالّەکانیانن کە رەفتاری خۆیان رۆژبەرۆژ سنوردارتر دەبێت و گرفتەکان ئەوندە زیاد دەبن کە ژن ومێرد لەسەر باسی منالّەکانیان دەکەونە مشتومر و هاتوهاوار. لەوانەیە ئەو باسە بەشێك لە ژیانی خێزانیان بێت, بەڵام دەبێ قبول بکەی کە بە تێپەرینی کات دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئەڤیندارى و خۆشەویستی ژن ومێردایەتی و لەیەك دوور بونەوەیان لە یەکتر. راستە منالّان پیویستیان بە پاراستنی هەموو لایەنەی دایك وباوك هەیە, بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە دایك وباوکی دڵخۆش دەتوانن منالّانی سەرکەوتوویان هەبێت و مشتومری خێزانی بەسەر منالّان, نە یارمەتی منالّان نادات, بەڵکو دەبێتە هۆی گرفتی روحی بۆ ئەوان. لەو کاتەی کە منالّان پارێزراون لە ئەڤیندارى دوولایەنەی دایك وباوکیان و باوەریان بەیەکەوە هەبێت, بە پشتیوانی دایك وباوکی دەتوانی رۆژانی پر لە دلسۆزی و دڵخۆشیان هەبێت. تا ئەو جیگایەی کە هەڵسەنگاندن چەسپاندویەتی نیوەی سەرکەوتنی خوێندنی منداڵان پەیوەندی بە لایەنی خێزانی باش و ئارام دەبێت. کەسایەتی کەسێك لە دەورانی منالّی ئەو سەرچاوە دەگرێت و کەسایەتی هەر کەسێك لە دەورانی منداڵی دەکەوێتە ژێر چاودێری و فێر بوونی خێزانی ئەو. لەبەر ئەوە شێوە گرتنی کەسایەتی هەر کەسێك یەکراست بەستراوەتەوە بە ژیانی خێزانی, خێزان یارمەتی دەدات تا هەر کەسێك لە منالّی بە باشی و ئاسایش گەورە بووبێت و فێر بێت. لەبەر ئەوە ژیانی خێزانی کاریگەریەکی زۆری هەیە لە بریاردانی رەفتاری کۆمەڵایەتی, ئابووری, سیاسی, ئەخلاقی و فێربوونی. لەو کاتەی کە خێزان باش بێت و دوور بێت لە توندو تیژی و وسوسە, گەورە بوون وگەشانەوەی هەر کەسێك بە ئاسودەیی و تاك لە دەورانی ژیانی خۆی دڵخۆشترە. بە هەمان شێوە گرفتی خێزانی وفشاری رەوانی تاك توشی گرفتی زۆر دەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی, تاکێکی کە توشی گرفتی خێزانیە لە دوا رۆژ توشی گرفتەکانی ئیش, فێرکاری و پەیوندی دەبێت. رووبەروو بونەوەی مەرجەکانی نەبوونیش هەتا ئەندازەیەك پەیوندی هەیە بە شوێنی پەروەردە بوونی هەر کەسێك. کەسێك کە هەردەم لە لایەن خێزانیەوە تەشویق دەکری و پەروەردەیەکی باش دەکرێت, باوەر بەخۆ بوونی زیاتر دەبێت ,و دەبێتە کەسێکی بە توانا .

هەریر.. لەیادی ڕیفڕاندۆمدا قوتابخانەیەک بەناوی بێرنارد کۆشنێر کرا




لەڕێکەوتی 25-9-2020 ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و بەرامبەر 50 ساڵی دۆستایەتی و وەفاداریی بێرنارد کۆشنێر و گەلی فەرەنسا قوتابخانەیەك لە هەریر بە ناوی بێرنارد کۆشنێر کرایەوە

کاروان کەریم خان بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر لە ڕێوڕەسمێکدا قوتابخانەکەی کردەوەو لەبارەی کردنەوەی قوتابخانەکەش بۆ خەبات وتی : لە دوای ڕیفراندومی سەربەخۆیی ئەرکی ئێمە ئاگایی بەخشییە و پێویستە لە بواری فەرهەنگی، مافی سەربەخۆیی بە نەوەی داهاتوو بناسێنین

لەبارەی ناولێنانی قوتابخانەکە گوتی: ئەگەرچی بێرنارد کوشنیر لە لای جەنابی سەرۆك و نوخبە زانستی و سیاسیەکان ناسراوە، وێڕای ئەمەش بە پێوستان زانی لە ئاستی گشتی کۆمەڵگا وەك ئەمەکێك ناوی کۆشنێر لە بیری نەوەکانی داهاتوودا بمێنیتەوە و نەسلی دادێ لە ژێر تابلۆی ناوی کوشنێرو کەسایەتی خۆیان شکڵ بدەن بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی هان بدرێن .

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەدواداچوون بۆ کێشەی قوتابیانی قوتابخانە ئیسلامییەکان دەکات

خەبات:تریفە ئازاد



بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی قوتابیانی قوتابخانە ئیسلامییەکان، شاندێکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەپەرلەمانی کوردستان ,سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەیان کرد بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیانی قۆتابخانە ئیسلامیەکان.

وەیسی سەعید بریارەدەری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات وتی: یەکێك کێشەکان کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە وەرنەگرتنی قوتابیانی خوێندنگا و قوتابخانە ئیسلامیەکانن لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ دریژە پێدان بە خوێندن ،چونکە ئەوان پێشتر سەر بە وەزارەتی ئەو قاف بوون ئێستا سەر بە وەزارەتی پەروەردەن بۆ دواداچون بەردەوام سەردانمان دەکەن، ئێمە وەك لیژنەی کاروباری ئاینی لە هەوڵ داین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەیان وەرگرتنیان لە زانکۆ پەیانگاکانی کوردستان دەبێت ئەوە بزانین قوتابخانە ئاینیەکان گرینگی خۆیان هەیە و بوونەتە کەسی سوود بەخش لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان

هەروەها وتیشی: پێویستە هەوڵبدرێت ساڵانە بە پێ یاسا و ڕێنمایەکان لە زانکۆ پەیانگاکان وەربگیرێن .چونکە بەپێی یاسا بڕوانامەی ئامادەیی ئیسلامی هاوتا کراوە لەگەڵ بڕوانامەی قۆناغی ناوەندی و ئامادەییەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە, بەڵام ساڵانە گرفتی وەرنەگرتنیان لەزانکۆو پەیانگەکان هەیە.

قوتابیانی خوێندنی کوردی کەرکوک بە32 نمرە قەرەبوو دەکرێنەوە

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی کەرکوک:

85%ی قوتابیانی خوێندنی کوردی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەیان بە جێهێشتووە

ئێمە لە پەروەردەی کەرکوک نازانین کێ پرسیاری بەشی خوێندنی کوردی دادەنێت بێ گەڕانەوە بۆ بەشەکەی ئێمە خۆیان خەڵک دەستنیشاندەکەن، کە پێویستە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەوە بێت

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ لەدەستنیشانکردنی مامۆستایان بۆپشکنینی دەفتەرەکان کۆمەڵێک مامۆستا دادەنێن کە هەموو ساڵێک دوو بارەدەبنەوە



داوامانکردووە هاتنە دەرەوەی قوتابیان لە تاقیکردنەوەی زیندەوەرزانی و کیمیا بە خولی دووەم هەژمار نەکرێت، چونکە زەردر مەند دەبن

خەبات / ڕۆشنا عەلی



ڕێکەوتی 1-9-2020 تاقیکردنەوە وزاریەکانی حکومەتی فیدراڵ دەستی پێکردو لە ناویشیاندا تاقیکردنەوەی بەشی خوێندنی کوردی لەشاری کەرکوك کە پڕۆگرامیان هاوشێوەی هەرێمی کوردستانەو تاقیکردنەوەکانیشیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵە ، لەگەڵ دەسپێکی تاقیکردنەوەکان قوتابیان لەچەند وانەیەك ڕووبەڕووی کێشە بوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو کێشانەو گرفتی سەرەکی ئەم بەشە لەشاری کەرکوك لەگەڵا شێرزاد ڕەشید کاکە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکوك گفوگۆمانکرد :

سەرەتا دەربارەی ئەو وانانەی کە پرسیاری هەڵەی تێدا هاتۆتەوە مامۆستا شێرزاد وتی : لەبابەتی زیندەوەرزانی و کیمیا چەند پرسیارێك هاتۆتەوە کەلە دەرەوەی پڕۆگرامی دیاریکراوە بۆ تاقیکردنەوە ئێمە وەك یاداشت داومانەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان لەوەزارەتی پەروەردەی عێراق وتوومانە کە دەبێت چارەسەری بکەن ئەم پرسیارانە لە چوارچێوەی پڕۆگرامی دیاریکراو نەبووە .

دەربارەی ئەوەی کە گوایە قوتابیان قەرەبوو دەکرێنەوە یان نا مامۆستا شێرزاد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان بە لێنی قەرەبوو کردنەوەی قوتابیانیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ وەرگرتووە ئەو لە بارەیەوە بۆخەبات وتی : وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم د. ئالان حەمە سەعید لەگەڵ وەزیری پەروەردەی عێراق قسەی کردووە گەشتوونەتە ڕێکەوتنێك کە ئەو پرسیارانەی هەڵەیە قوتابی نمرەی تەواو وەربگرێت ئەوانەش کەلە دەرەوەی پڕۆگرام هاتوونەتەوە نمرەی تەواو بە قوتابی بدرێت ، ئەوانیش بەڵێنیان داوە بەڵێ قەرەبوو دەکرێنەوە.

دەربارەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەیان بە جێهێشتووە کە ئایا ژمارەیان چەندە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی ئاماژەی بەوەدا 85% ی قوتابیانە ئەو لەمبارەیەوە وتی: نزیکەی 85% ی قوتابی لە تاقیکردنەوەی زیندەوەرزانی و کیمیا هۆڵیان بەجێهێشتووە کەئەمش وائەکات قوتابییەکان بکەونە خولی دووەم و لە نمرەیەکی کۆی گشتی بێ بەش دەبن ،ئێمە بۆ ئەم بابەتە یاداشتێکیان داوەتە وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، وەزیری پەروەردە یاداشتەکەی ئێمەی بەرز کردۆتەوە بۆ وەزیری پەروەردەی عێراق کە تیایدا داوامانکردووە کە ئەو قوتابیانەی لە و دوو وانەیە هۆڵیان بەجێهێشتووە بە خولی یەکەم بۆیان هەژمار بکرێت ، چونکە ئەگەر بە خولی دووەم بێت لە کاتی وەرگرتنیان لە زانکۆو پەیانگاکان بە کێبڕکێ لە نمرەیەکی گشتی بێ بەش دەبن واتە ئەگەر تێکڕای نمرەکەی 80 بێت بە خولی یەکەم دەبێتە 81 وەزیری پەروەردەی عێراق ئەو بەڵێنەی داوە کە تەماشای ڕێژەی قوتابیان بکات و وتویەتی لەگەڵ لیژنەی تاقیکردنەوەکان دادەنیشێت بۆ ئەوەی بڕیار لەو بارەیەوە بدات و چاوەڕێی وەڵامین تا ئێستا بڕیاری لەبارەوە نەدراوە .

دەربارەی ئەوەی کەئایا قوتابیان بەچەند نمرە قەرەبووەکرێنەوە مامۆستا شێرزاد وتی: لەبابەتی زیندەوەرزانی نزیکەی 12 نمرەیەو لە کیمیا 20 نمرە یە واتە 32 نمرە کە قوتابیان نمرەی تەواوی خۆیان وەردەگرن .

دەربارەی ئەوەی کە ئایا تاچەند بەشی خوێندنی کوردی کەرکوك ڕۆڵی لە دانانی پرسیارو پشکنینی دەفتەرەکان هەیە لە چوار چێوەی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ مامۆستا شێرزاد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوە کێشەی سەرەکی تاقیکردنەوەکانی بەشەکەیانە ئەو لەمبارەیەوە بۆڵایەڕەی پەروەردە وتی: لە دەستنیشانکردنی مامۆستایان بۆپشکنینی دەفتەرەکان سااڵنە کۆمەڵێك مامۆستا دادەنێن کە هەموو ساڵێك دوو بارە دەبنەوە، ئەمساڵ وتم ناوەکان دەگۆڕم وتیان بیانگۆڕن هەر کێتان پێ باش بوو ئەوە دانێن ئێمە داماننا ، بەڵام بەداخەوە هەمان ناوە کۆنەکانیان گەڕاندەوە کە مامۆستای خوێندنی کوردین چەند ساڵە لەو لیژنەیەن و خۆیان پەیوەندیان دروستکردووە وبەردەوام دایاندەنێنەوە ، بەڵام لەدانانی پرسیار ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە عێراق پرس بە ئێمە ناکات لە کاتێکدا پێویستە لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەوە بێت بە ئێمە نالێن و خۆیان دایدەنێن یەکێکیش لە نیگەرانییەکانە کە وەزیری پەروەردەی هەرێم بە وەزیری پەروەردەی عێراقی ڕاگەیاندووە.

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی کەرکوك داوادەکات لیژنەکەی ساڵانی ڕابردوو کارا بکرێتەوە و نوێنەری لە لیژنەی تاقیکردنەوەکان هەبێت ئەو لەمبارەیەوە وتی: داوا ئەکەم وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کە وەك لەساڵانی 2004 و 2005 لیژنەیەکی باڵای هەبوو بەشداری لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکانی کردووە لە بەغداد واتە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە ی هەرێم ئامادە بێت لەو لیژنەیە بۆ دیراسەکردنی خوێندنی کوردی لە کەرکوك ئەو لیژنەیە کارا بکرێتەوەو نوێنەری وەزارەتی پەروەردەی تێدا بێت و ئاگادار بن چ مامۆستایەك دیاریدەکرێت بۆ ئەوەی ئەم هەڵانە دووبارە نەکرێتەوە.




لەیادی ریفراندۆمە پیرۆزەکەی کوردستاندا، دەبێ چاوەڕێی دەرفەتێک بکەین



نیان ئەحمەد

٢٠١٧/٩/٢٥ رۆژێکی مێژوویی بوو بۆ نەتەوەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو لە داگیرکاری و دابەشکردن و لەخاچدانی خاکی کوردستان لەلایە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، پەیاننامەی سایکس بیکۆ لە پەیاننامەی لۆزاندا کە بەتەواوی چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ریفراندۆم یاخود گشتپرسی مافی هەموو نەتەوەو و میللەتێکە کە بیەوێت دەوڵەتی هەبێت و دەوڵەتخواز بێت، میللەتی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی ئەم سەر زەمینە خاوەنی خاك و نیشتمان و ئاڵا و زمان و کەلتوور زاراوەی جیاجیا و چەند ئایینێکی ڕەسەنی خۆی هەیە بە هەموو پێوەرە نێو دەوڵەتییەکان کورد مافی خۆیەتی داوای سەربەخۆیی بکات.

ریفراندۆم وەرچەرخانێك بوو پاش ١٠٠ ساڵ بۆ کوردستانی باشوور لەماوەی ئەم هەموو شۆڕش و خەبات و قوربانیدانە کە توانی پاش شەڕێکی نەگریسی داسەپاوی داعش کورد خۆی ڕێکبخاتەوەو یەکدەنگ بێت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەو ئایینەکانەوە لە تەواوی خاکی کوردستان بە ناوچە کێشە لەسەرەکانیش دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە ٩٣٪ دەنگی بەڵێی بەدەست هێنا، لەم ڕۆژە پیرۆزو هەستی بەرزی نەتەوایەتی و جۆش و خرۆشی کوردستانیان، ئەگەرچی دەنگێکی نەزۆك و نەشاز بەبێ شەرم گوتیان نەخێر، هەرچەندە دەنگێکی کەم و حساب بۆ نەکراو بوو، بەڵام ریفراندۆم دەریخست کە هێشتاش خەڵکێك هەیە ئەڵقەلەگوێی دوژمنانن، کە ئەمجۆرە کەسانە لەهەموو کات و ساتێکدا بۆ کورد بوون بە(بەڵا)، دوای سێ ساڵ واخەریکە خەڵکێکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێ تانەو تەشەر لە ریفراندۆم دەدەن و داوای دادگایکردنمان لێدەکرێت، لەکاتێکدا ریفراندۆم کارتێکی گوشار و تابۆیەکی یاسایی و شەرعییە بە دەست کوردەوە، هەر ئەم گشتپرسییەش بوو وایکرد کوردستان بچێتە قۆناغێکی دیکەی نێودەوڵەتییەوە، لەبەر ئەوەی وا تەماشا دەکرا کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆییە، بەڵام ریفراندۆم زیاتر ساغیکردەوە کە کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆی عێراق نییە، بەڵکو کێشەی داگیرکار و دابەشکردن و لەتکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بەسەر دەوڵەتێکی نەخوازراوە، هەربۆیە ئەم گشتپرسیە وایکرد چەند جارێك کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت و قسە لەسەر ریفراندۆم و کێشەی کورد بکەن، زیاتر تێگەیشتنیان بۆ کێشەکانی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان هەبێت.وەك وڵاتی کۆسۆڤۆ چۆن لەساڵی ١٩٩٢ ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کرد، ئەوکاتەش وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان دژی گشتپرسی کۆسۆڤۆ بوون، بەڵام کۆسۆڤۆ لەفرسەتێك گەڕا تا ساڵی ٢٠٠٨ ئەوکاتە باشترین فرسەت بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت و نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرینەی وڵاتانی جیهان دانیان پێدانا، دەبێت کوردیش بۆ فرسەتێك بگەڕێ ئەم هەموو بیانوو و بودجە و مووچەبڕین و تەعریبکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو بیانوانەی کە لەلایەن حکوومەتی عێراق و حزبی مەزهەبیی شیعی بەکوردی دەکەن، بێتە کارتێك و دەرفەتێك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.



ریفراندۆم لە ویستی حزب و ئیرادەی سیاسی بەهێزتر بوو

ئەسرین عاسی شوانی

کورد وەك گەلێکی دێرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، هەر لە دێر زەمانەوە ڕووبەڕووی چەندان جینۆسایدو هەوڵی سڕینەوە بووەتەوە لە لایەن دوژمنانییەوە، بەڵام هەرگیز هێندەی ئەوە کاریگەریی نەبووە کە کورد خۆی لە نێوان خۆیدا ناکۆك و ناتەبا بووە، ئەو ناتەبایی و ناکۆکی و خۆ بەکەمزانینە، وایکردوە کەوا کورد وەك میللەتی ژمارە دوو لە ناوچەکە سەیر بکرێت، کێشەکە لەوەدایە کورد بە حوکمی ئەوەی میللەتێکی ژێر دەستە بووەو هەمیشە لەلایەن دوژمنانیەوە سەرکوت کراوەو ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوانیاندا چێنراوە، هەمیشە کێشەی ناوخۆییش بەرۆکی گرتووەو کەسانێك هەبوونە هەوڵی لادان و دووبەرەکییان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حیزب و میدیای کوردی کار لە سەر ئەوە دەکەن ئەو خەونانەی دوژمنان بهێننەدی و کورد وەك و گەلێکی بچووك نیشان بدەن، دوژمن بەهێز و کورد بەبێ هێز نیشان بدەن، بە جۆرێك گەلی کورد هەر چاوەڕوانی خوانی دوژمنان بێت و بێ ئەوان نەتوانن پەنجە بە ئاودا بکەن.

بۆ نموونە ئەگەر بڕیین و لە ڕیفراندۆم بڕوانین، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی شیبکەینەوە، لایەنی ئەرێنی زۆر زیاترە، لە لایەنی نەرێنی، بەلایەنی کەمەوە کورد لەو ڕۆژۆ ساتەدا سەلماندی کە ئیرادەی بەهێزی هەیە بۆ سەربەخۆیی، ئیرادەکەشی لە دەرەوەی ویستی حیزب و بەرنامەی سیاسیە، لەبەر ئەوەی کورد لەو ڕۆژەدا سەلماندیان کە نایانەوێت لەوە زیاتر ژێر دەستە بژین، بۆیە لە پرۆسەیەکی سیاسی گشتگیردا بریاری چارەنووسسازیاندا و بۆ جیهانیان سەلماند کە خواستی سەربەخۆیی لەلای تاك بە تاکی کورد هەیە، بەڵام بە داخەوە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەو دژایەتیکردنی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، هەندێ لایەنی کوردی و میدیاکانیان کەوتنە دژایەتی ئەو پرۆسەیەو، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کەوا ئەو پرۆسەیە ویست و داواکاری سەرجەم کوردە، بێ ئاگا لەوەی کەوا بریاری ڕیفراندۆم ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە دڵی داگیرکەران دا چاندووە بە جۆرێك تووشی شۆکی کردوون کە بیریان نەچێتەوە، لەبەر ئەوەی داگیرکەران لە گرنگی بڕیاری ڕیفراندۆم تێگەیشتوون و بە پێچەوانەی هەندێ لە حیزبە کوردییەکان و میدیاکانیان، کە ئەوەندە خۆیان بە بچووك و قەزەم دەزانن و دوژمن بەگەورەو زەبەلاح، هەمیشە چەشنی کۆیلە لە خۆیان و میللەتەکەیان دەڕوانن و ستایشی داگیرکەران دەکەنەوە.



ریفڕاندۆم ئومێدی پێ بەخشین

خونار حەسەن سالح

لەم ڕۆژە پڕشنگدارەدا ٢٥ی ئەیلول ٢٠١٧ دەنگی نەتەوەیەکی خەباتگێڕی زیاتر لە سەدەیەك، تەقیەوە و سەدای گەیشتە قوڵایی زەوی و ئاسمان، بە هەموو توانایان هاواریان دەکرد و واژۆیان دەکرد بە وشەی بەڵێ بۆ ئازادی .. بۆ سەربەخۆیی.. ڕۆژێك بوو گەلێك تایبەت بوو لە بەرەبەیانییەکی سەر لە زوو هەموو کورد بە ئاڵای ڕەنگینی کوردستانەوە بەرەو بنکەو سەندوقی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانبەڕێکەوتین.

بۆ من وەك خەونێکی دێرینی خۆم بوو کە دەمگوت دەبێ نەمرم کوردستان بە سەربەخۆیی ببینم، کورد لەم ڕۆژەدا بەردی بناغەی دەوڵەتی دامەزراند، کە هەر دەنگێکی بەڵێ هاوتای خوێنی ئاڵی شەهیدانی نیشتیمان بوو بەسەر تاشەبەردەکانی شاخ و دۆڵی کوردستانەوە وشکبۆتەوە، کە لە پاڵ ئەم بەردانە گیانیان دەسپارد و شەهید دەبوون لە پێناو ئازادی کوردستاندا.

سەربەرز و سەرفەرازم کە دەنگم دا بە سەربەخۆیی کوردستانی خۆشەویست، ریفراندۆم ئومێد و ئاواتێکی زۆری پێ بەخشین، ئەگەرچیش بە بیستنی دەنگی بەرزی کوردستانیان مێگەلە گورگێکی دڕندەی ناوخۆ و دەوروبەر هێرشیان بۆ هێنابن و زۆر بەبێ ویژدانانە بوون بە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ریفراندۆم، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێژەی ٩٣٪ـی دەنگی کوردستانیان بووە لاپەرەیەکی گەشی مێژوو، بووە سەندەی سەربەخۆیی تا ئەو ڕۆژەی بارودۆخ دەرەخسێ بۆ جێبەجێکردنی.

زۆر سوپاس بۆ تۆی هێژا و ڕابەر سەرۆك مەسعود بارزانی کارێکت کرد لە مێژووی کورد هەرگیز نەکرابوو، میللەتت خۆشحاڵکرد و دوژمنان و ناحەزانت لاڵکردن و جیهانت تێکڕا هۆشیار کردەوە کە کورد میللەتێکی بێ دەوڵەتە و سەدان ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژێت.

دۆزی نەتەوەیی کورد و هەڕەشەی بەردەوامی داگیرکاران



سەگڤان هالو

وتارەکەم بەم پرسیارە سەرەکییە دەست پێدەکەم، بۆچی کورد وەك نەتەوەیەکی ٥٠ ملیۆنیی تا ئێستا خاوەن دەوڵەتی خۆی نییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لاپەرەکانی مێژووی سیاسی پێناندەڵێن هۆکار گەلێك هەن، کە ڕێگربوونە لە بەردەم نەگەیشتنی کورد بە ئامانجی کۆتایی و تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە لە سەر خاکی خۆی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بونیات بنێت.

گرنگترینیان نەبوونی یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بوونی خیانەتی نیشتیمانی بە دریژایی قۆناغەکان و دانانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە سەرووی بەرژەوەندی گشتی، هەموو ئەمانە و دەیان هۆکاری دیکە بۆشایی سیاسی گەورەیان دروست کردو و بوونە هۆی دەرفەت ڕەخساندن بۆ داگیرکارانی کوردستان تا بە ئاسانی ئەجێندای سیاسی و مەرامی گلاوی خۆیان لە نێوخۆی کوردستاندا جێبەجێ بکەن.


شایانی گوتنە هەر کاتێك ڕەوشێکی سیاسی لەبارو دەرفەتی گونجاو ڕەخسایێت بۆ کورد، دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان گەلە کۆمەکییان لە دژی دۆزی نەتەوەیی کورد کردووەو گشت ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان وەلا ناوەو چوونەتە نێو یەك بەرەی هاوبەش بۆ لەباربردنی دەرفەتە زێڕینەکانمان، بەڵام بەداخەوە خوێندنەوەی ئێمەی کورد بۆ ئەجێندا و مەرامی سیاسی نەیارانی خۆی بە شێوەیەکی لۆژیکی نەبووە و نییە، تاکو پەندو وانە لە پێلانگێڕییەکانی دوژمنانی خۆی وەرگرتبایە و وەربگرێت.

زۆرن ئەو وێستگانەی ڕابردوو کە بزاقی ڕزگاریخوازی کورد تیایاندا گوزەری کردووەو دەرفەتی زێڕینیان بۆ کورد ڕەخساندووە، بەڵام کورد نەیتوانی بیانقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکەی، بەڵکو بیری تەسکی حزبایەتی زاڵ بووە بەسەریاندا و بەرژەوەندی نیشتیمانی هیچ مانایەکی نەبووە، ئەمەش گورزێکی بەهێزی لە دۆزی نەتەوایەتی کورد وەشاندووەو تاکو ئێستاش ئاسەوارەکانی بەسەر جەستەی کوردەوە دیارن.

لەم چەند ساڵانەی دواییشدا بەهۆی کومەڵێك گۆڕانکاری سیاسی لە ناوچەکەماندا چەندین دەرفەتی گەورە بۆ کورد هاتنە ئاراوە، بەڵام بەهۆی بەردەوامبوونی لە یەکترترازان و غیابی یەکگوتاریی سیاسی ناوخۆ

و هەڵکانی ڕابردوو، نەبوونە پەند بۆ لایەنەکان و دەرفەتەکانیان لە دەستدا، لە جیاتی یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی و بەهۆی بۆشایی سیاسی گەورەترین خیانەتی نیشتیمانی لێکەوتەوە لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا، کەبووە بەربەست لە بەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا لە باشووری کوردستان.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئێمەی کورد تاکو نەبینە خاوەن گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو و پەندو وانە وەرنەگرین لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بۆشایی سیاسی، چارەنووسمان لەوەی کە هەیە باشتر نابێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ئامانجی پیرۆزی نەتەوەییمان دوورتر دەکەوینەوە، کوردستانێکی خاوەن دەوڵەت یەکسانە بە یەکڕیزی و یەك هەڵوێستیمان لە نێوخۆدا.



لە یادی ریفراندۆمدا، پێویستە چی بکرێت..؟

دیار مەلا خدر

سێ ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان تێپەر دەبێت، ئەو ریفراندۆمەی کە لە ٩٣٪ گەلی باشووری کوردستان بە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە» بەڵێ» دەنگی بۆ دا، وەك ڕوون و ئاشکرایە، کە سەرەڕای ئەوەی ریفراندۆم مافێکی ئاسایی و یاسایی گەلی کوردستان بوو، بەڵام ئەو هۆکارانەی وایکرد سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیاری لەبارەیەوە بدات، پێشێلکردنی دەستووری عیراق و بە دەنگەوە نەهاتنی حکوومەتی ئیتیحادی بوو لە بارەی مافەکانی گەلی کوردستان و دروستکردنی بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی یاسایی و ئاشتیانەی پرسی ناوچە کوردستانییەکان، دوای ئەو هەموو خۆڕاگریی و پشوو درێژیەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لایەنی عیراقی هەر سوور بوو لەسەر پشتگوێخستنی مافەکانی گەلی کورد، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو مافانە زیاتر فەرامۆش دەکران تەنانەت بەوەش نەوەستان، بەڵکو پێشێلی ٥٥ ماددەی دەستووریان کرد کە پەیوەندییان بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە!

ئەوەی کە دەمەوێت لەو یادە مەزنەدا بیخەمەڕوو ئەوەیە کە پێویستە هەرچی زووە سنووورێك بۆ ئەو پڕۆسە نەگریسەی تەعریب و زۆلم و زۆرداریی و داگیرکارییە بەرنامە بۆ دارێژراوەی ناوچە کوردستانییەکان دابنرێت و پارت و لایەنە سیاسییەکان بە گشتی و حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی فشاری زیاتر بخەنە سەر حکوومەتی ئیتیحادی بۆ ئەوەی کۆتایی بەو زۆلمە درێژخایەنە بێت.

لەلایەکی تریشەوە پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەوڵی زیاتریان بخەنەگەڕ بۆ ڕێگرێکردن لەو تەعریب و داگیرکارییە و هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی و سیاسی خۆیان بەکار بهێنن، تەنانەت خودی سەرۆك کۆمار پێویستە ئیتر بێ دەنگ نەبێت لە ئاست ئەو دۆخە نائاساییە بەو پێیەی کە پارێزەری دەستوورە پێویستە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و دەسەڵاتە دەستووریییەکانی بەکار بهێنێت لە هەمبەر ئەو پرسە گرنگ و چارەنووسسازەدا، بەداخەوە نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەر لە خودی سەرۆك کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان زۆر کەمتەرخەم بوونە لە ڕابردوودا لە ئاست هەوڵەکانیانیان بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی گەلی کوردستاندا، بە تایبەتی دوای خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە پارێزگاری سەپێنراوی کەرکوك لەبەر چاوی حکوومەتی ئیتیحادیی و پەرلەمان و سەرۆك کۆماردا هەموو هەوڵێکی خۆی بەگەڕ خستووە بۆ پشگیری لە تەعریب و داگیرکاری لەو سنووردا، بۆیە ئێستا کاتی هاتووە کە چیتر ئەم زوڵمە قبوڵ نەکرێت.

لە ڕاستیدا پارێزگاری کەرکوك و حکوومەتی خۆجێیی ئەو ناوچانە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك دەستیان نەپاراستووە لە زوڵم و داگیرکردن و هێرشبردن بۆ سەر گوندە کوردییەکان و دەست بەسەر داگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی جوتیارانی کورد کە هەمووییان «تاپۆی ڕەش»یان هەیە و نیشانیان داوە، کەچی بە ڕۆژی ڕووناك هێرش دەکرێتە سەریان و خێزانی عەرەبی نارەسەنی»تەعریب» نیشتەجێ دەکەن لەو گوندانە!

بۆ ڕێگریکردن لەو هەوڵە مەترسیدار و ناپەسندانە، پێویستە لەسەر ڕۆشنایی ئەو پەیامەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٢ی ئەم مانگەدا لە بارەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بڵاو کرایەوە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ئەنجام بدەن بە مەبەستی پشتگیری کردن لەو پەیامە و هەوڵ بدەن گوتارەکیانیان یەك بخەن و پێکەوە بێنە سەر خەت بۆ دروست کردنی فشاری زیاتر لەسەر حکومەتی ئیتیحادی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە لە یادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا حزب و لایەنە سیاسییەکان دروشمەکانیان لەسەر کەرکوك و ناوچە کوردستانیانەکان و مافەکانی گەلی کورد بکەنە کردار و هەموو هەوڵێك بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە چوار چێوەی چارەسەرییە یاسایی و دەستووریەکان کێشەی ئەو ناوچانە یەکلایی بکرێتەوە و ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە ١٧ ساڵە لایەنی عیراقی بەربەست دروست دەکات لەبەردەم جێبەجێکردنی، کارا بکرێتەوە و هەوڵی جێبەجێکردنی تەواوی بڕگە و ناوەڕۆکی بدرێت، کە ئەمە چارەسەری یاسایی و دەستووریی و کۆتایی ئەو کێشەیە بە ڕێگای ئاشتیانەیە بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش و پێکەوە ژیان بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە.

ون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس راس تریلە تك ویل دبل قەارە رەنگ پرتقالی مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٢١٨ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: WDB9440321L201182 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة تحقيق سنجار
الموقع البديل في فايده

العدد/٢٠٢٠/٢٢٨٧
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (شمي صالح امان) بتاريخ ٢٠١٤/٨/١٥ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي /خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

العدد/٢٠٢٠/٢٣٧٩
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٣

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (سماح حمدي مراد حسو) وتم اختطافها من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيرهم فمن لديه معلومات عنهم اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

العدد/٢٠٢٠/٢٣٧٨
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٣

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (أنتظار حمدي مراد حسو) وتم اختطافها من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيرهم فمن لديه معلومات عنهم اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

العدد/٢٠٢٠/٢٣٧٧
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٣

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (اثار حمدي مراد حسو) وتم اختطافها من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيرهم فمن لديه معلومات عنهم اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة بداءة ئاكرى

العدد/٤٦٣/ب/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٢

م/ حكم غيابي
الى المدعى عليه (زيدون عماد صبيح) مجهول محل الاقامة

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بحقك بتاريخ ٢٠٢٠/٩/١٣ في الدعوى البدائية المرقمة اعلاه يقضي بالزامك بتادية مبلغ وقدره (١٥٥٠٠٠٠٠) خمسة عشرة مليون وخمسمائة الف دينار للمدعي (كاسب حبيب شعبان) عن قرضة حسنة منه وتحميلك الرسوم المصاريف ونظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بالحكم بالنشر في صحيفتين محليتين يوميتين ولك حق الاعتراض عليه خلال مدة عشرة ايام اعتبارا من تاريخ اخر نشر وبعكسه سوف يسقط حقك في الاعتراض

القاضي / خالد عثمان يوسف

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشيخان

العدد/٢٩/مواد/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٤

اعلان

الى المدعى عليها (رونا عادل جكو) الساكنة قضاء الشيخان قرية مام رشان سابقا ومجهولة محل الاقامة حاليا

اقام المدعي (سروان سيتو جكو) الدعوى المرقمة اعلاه والتي تطلب فيها اصدار القرار بتصديق الطلاق الخارجي الواقع من قبله بتاريخ ٢٠١٦/٢/٤ ولثبوت مجهولية محل اقامتك حسب اشعار مركز شرطة مهد واشعار مختار قرية مام رشان عليه تقرر تبليغك بصحيفتين يوميتين بالحضور امام محكمة المواد الشخصية في الشيخان في موعد المرافعة المصادف ٢٠٢٠/١٠/٤ الساعة العاشرة صباحا او ارسال وكيل عنك وبعكسه ستجرى المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي/ علي مهرمان رحمن

* * *

مديرية تنفيذ دهوك

العدد /٢٠٢٠/١٨ / انابه
التاريخ /٢٠٢٠/٩/٢٤

اعلان

Additional Details and requirements

Job Summary:
The Facilities / Camp Superintendent position/role is pivotal to the life support and upkeep of the camp locations. An experienced and qualified professional ensures daily adherence to food safety (HACCP / ISO 22001), camp safety / hygiene, utility provisions and essential maintenance. The immediate concern is the risks of potential food poisoning outbreaks, low morale, camp equipment failure and ultimately loss of revenue through camp/manpower operational ineffectiveness.
The individual needs to be highly experienced in remote site camp facility management, advanced food safety with excellent on-site contract management experience, have a clear appreciation of ensuring "Value for Money" and contractor adherence to Key Performance Indicator (KPI) management. The individual must also have an excellent adherence in regard to a positive QSHE Culture within all camp locations.
To read more details on the responsibilities of this job, please visit our website
Required Qualifications & Experience:
• Business Administration recognized certification.
• Advanced Food safety management recognized certification.
• Facility management International recognized certification.
• QHSE NEBOSH or occupational management level 4.
• QA Auditing - Food safety management ISO 9001/ISO 22001.
• PL accounting management.
• Proven track record in Remote site Camp Management – minimum 10 years.
• Proven track record in Contract Management relating to Catering, Cleaning and Facilities – Minimum 10 years.
• Food Safety Advanced Hygiene qualifications – Minimum level 4 qualification.
• Facility Management qualifications – Minimum level 3 qualification.
• QSHE experience and qualifications – Minimum NEBOSH General or Occupational Management Level.
• Auditing skills and Qualifications (Food Safety Management) – ISO 9001 / ISO 22001 Qualification.
• PL Accounting management experience – Minimum 5 years.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Well Intervention Engineer-12 months fixed term
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:


The Senior Completions, Workover and Well Intervention Engineer will be responsible and accountable for preparation of completions, workover and well intervention programs in a fit for purpose manner and setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.
He / She oversees the planning, programming and finalizing of all WS related operational programs and provides technical and engineering support to WS Operations Team.
He / She liaises with Service Providers and Contractors with regards to inventory and equipment needs aligned with short- and long-term WS Workover Rig/Well scheduling and planning.

To read more details on the responsibilities of this job, please visit our website

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 15 years' experience, including completions, workovers and well intervention operations as an Engineering level whereas at least substantial amount spent as supervisor level.
• Working knowledge of MS Word, Excel and Outlook.
• Must be able to work with a team, take directions from WS Superintendent(s), and focus attention to details.
• Must be self-motivated and capable of working with limited direct supervision.
• Must be capable of completing and tracking multiple tasks simultaneously, and often under tight deadlines.
• Must have a track record of recent experience as a Workover, Completions and Well Intervention Engineer.
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations.
• He / She must have good understanding of best industry practice on engineering of well integrity during completions and workover operations.
• He / She must have a strong background and experience in well testing and well intervention operations, including ability to solve complex problems in an innovative and cost-effective manner.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



پیس.. شەلۆم.. سەلام



عەبدوڵڵا بن زاید ئال نهەیان*

دووهەفتە پێش ئێستا، فڕۆکەیەکی هێلی ئاسمانی (ئەلعال) لە ئەبوزەبی نیشتەوە، وەکو یەکەم گەشتی بازرگانیی ئیسرائیلی هاتوو لە تەل ئەبیبەوە، کە وەفدێکی گەورەی لەبەرپرسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیل هێنابوو. فڕۆکەکە پەیامێکی گەورەی ڕوونی هەڵگرتبوو، بە چەند پیتێك نووسرابوو، کە بەرزییەکەیان دوو پێ لە پێش شوێنی هاژووتنی فڕۆکەکە درابوو و بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و عیبری نووسرابوو (ئاشتی). بەرپاکردنی پەیوەندی ئاسایی لە نێوان وڵاتانی ئیمارات و ئیسرائیل، بە دەستکەوتێکی دیبلۆماسی مێژوویی و هێمایەکی پڕ لە هیوا دادەنرێت، بەوەی دەکرێت پێشکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی بهێندرێت. لە هەفتەی ڕابردووشدا، شانشینی بەحرێن، ویستی خۆی لە بەرپاکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی ڕاستەوخۆی تەواو لەگەڵ وڵاتانی ئیسرائیل ڕاگەیاند، ئەو شتەی کە وەکو دەرفەتێك بۆ نزیکبوونەوەیەکی تازە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەکییەکانی ناوچەکە تەماشای دەکرێت. لەو ناوچەیەدا کە بە چەندین هەواڵی ناخۆش ئاخنراوە، ئەو ڕاگەیاندنە بە دەستپێشخەرییەکی گەشبینانە، بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکان لە جیاتی ململانێ و بڕکۆژان دادەنرێت. بێشك زاڵبوون بەسەر هەڕەکییەکان بە شتێکی ئاستەم دادەنرێت، چونکە چەندین دەوڵەتی ناعەرەبی و لایەنی ناحکومی لە تەوەری (بەرخودانی بەردەوام)دا هەیە، کە بە شێوەی هەمەچەشن داکۆکی لە توندڕۆیی دەکەن، ئەوان سوزیان بۆ ئیمپراتۆریەتە ونبووەکان دەجوولێت، یان شەیدای دروستکردنی خەلافەتی تازەن، هەروەها نان و گەشەکردنیان لەسەر ململانێ، پشێوی و نا سەقامگیریی دایە، هەر ئەوانن کە هێرش دەکەنە سەر ئەمریکا، ئیسرائیل و ئیمارات و سەرسەختترین ڕەخنەگری ئاشتیش بوون لەگەڵ ئیسرائیلدا. واژووکردنی پەیمانی ئاشتی، باشترین وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەیە، بۆ بیرخستنەوەش، ئیماراتی و ئیسرائیلییەکان، لەگەڵ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ململانێ بێزار بوون، پێشنۆرەی ئێستاش، خۆی لە بەردەوامبوون لەسەر تازەکردنەوەی کۆمەڵگەکانمان و بەدیهێنانی سەقامگیریی لە هەموو ناوچەکەدا دەبینێتەوە. بەرپاکردنی پەیوەندی باشتریش لەنێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، یارمەتی بەدیهێنانی ئەو شتە دەدات، بەڵام دەبێت دوورتر و خێراتر بەرەو بەرەکانی هاریکاری دیکەشدا بڕۆین. پێشنۆرەی یەکەم و پێویستتر، بریتییە لە هێورکردنەوەی گرژییەکان و دەستکردن بە گفتوگۆی هەریایەتی، لەبارەی ئاشتی و ئاسایشەوە، ئێمە پێویستیان بە پەیوەندیی ئاساییە لەگەڵ دراوسێیەکانماندا، پەیمانەکانی بڵاوەپێنەکردن، پەیمانەکانی دەست وەرنەدانی کارا و ئەگەری بەدیهاتنی ئامانجی لە پێشینەن، بەڵام لەگەڵ پێشبینی کەم و مەترسی زۆر زیاتر، بەدیهێنانی پێشکەوتنی نزم لە کێشەکانی وەکو یارمەتی مرۆیی و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کار لەسەر دروستکردنی متمانە دەکات. پشتیوانی ئەمریکا و بەشداریکردنیشی، شتێکی زۆر گرنگە، سەرۆك دۆنالد ترەمپ، بانگەشەی بۆ گفتوگۆی تازە لە سااڵی دادێ کردووە، جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی پێشوویش، بەنیازە دەستپێشخەریەکی تازە بخاتەڕوو، بۆیە پێویستە وڵاتانی کەنداو بەشداریی لە هەموو گفتوگۆیەکدا بکەن، پێویستیشە ڕۆژهەڵاتیان گشتگیر بن.پێشنۆرەی دووەم، خۆی لە فراوانکردنی کۆمەڵگەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەبینێتەوە، چونکە بەرخودانی بەردەوام و تووندڕۆیی تایەفی لە ماوەی چەندین دەیەدا، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەردێکی کوشندە لە پشێوی و ئاشووبدا. ئێمە لە دەوڵەتی ئیماراتدا، هەوڵ دەدەین پێشەوایەکی جیاواز بین، ئێمە پابەندی بنەماکانی ئیسلامی ڕاستەقینە، ناوەندگیری، تێکەڵاوبوون و ئاشتین، ئێمە پارەکە پێشوازییان لە یەکەم سەردانی پاپا فرانسیس، پاپای کڵێسای کاسۆلیکی، بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی کرد، هەروەها کاریش لەسەربنیاتنانی ماڵێك بۆ خانەوادەی ئیبراهیمی دەکەین، کە هەرسێ ئایینەکە لە ئەبوزەبی لە خۆدەگرێت، کۆمەڵگەکە لە مزگەوت، کڵێسا و کنشت پێکدێت. پێشنۆرەی سێیەم، خۆی لە بنیاتنانی بزوێنەرێکی بەهێز بۆ ناڵوگۆڕکردنی ئابووری و کلتووری دەبینێتەوە، کە بتوانێت دەرفەت و لەیەکتری گەیشتن، لە سەرتاسەری ناوچەکەدا فەراهەم بکات، هەر لە کەنداوەوە بۆ دەریای سوور، بە تێپەڕبوون لە کەناڵی سوێسەوە، تاکو دەگاتە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، دریژکراوەی نیمچە دورگەی عەرەبی، بە بەیەکگەیشتنی ڕێگەکانی جیهان دادەنرێت. دەبێت ئیمارات و ئیسرائیل، ئابووری پێشکەوتووی خۆیان، ژێرخانیان، بازارە گەورەکانیان، سندوقەکانی وەبەرهێنانیان، داموودەزگاکانی فێرکردنیان و سەرمایەی مرۆییان، لە بەرژەوەندی ئوردنی، میسری، فەلەستینی و ئەوانی دیکەدا بەکار بهێنن. پێشوەچوون لە ڕێرەوی کێشەی فەلەستینیش، بەخاڵێکی ناوەندی گرنگ دادەنرێت، پەیانی نێوان ئیمارات-ئیسرائیل،پلانەکانی خستنەپاڵی ڕاگرت، بۆیە لەسەر سەرکردایەتی فەلەستین پێویستە، ئەو ساتە بۆ خۆ ڕێکخستنەوەی ڕێبازەکەی و خۆ ئامادەکردن بۆ تێکەڵاوبوونەوە لە گفتوگۆی بەپێز بقۆزێتەوە. وەکو هەموو جارێك، پشتیوانی تەواوی لەلایەن دەوڵەتی ئیماراتەوە لێدەکرێت، نەخاسمە ئەو هەوڵانەی ئێستا، لە سایەی پەیوەندییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا، قورساییەکی زیاتری هەیە. ریتم و چوارچێوەی پەیانی ئاشتی، هەرگیز لە مافەکان و پێشوەچوون لە کێشەی بەرپاکردنی دەوڵەتی فەلەستین جیا نابێت. دوا شت، پەیانی ئاشتی بەڵگەی گرنگی ڕۆڵی ئەمریکا و ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەخات، چونکە ئاشتی تەنیا لە میانی کاریگەریی دیبلۆماسیەتی ئەمریکا و دووبارە دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی ئاسایشی ئەوە بەدی دێت. لەهەمان کاتیشدا، ئاشتی سوودی بۆ ئەمریکاش هەیە، لە میانی بەشداریکردن لە گرتنە ئەستۆی قورسایی سەقامگیری هەرێمایەتی لەگەڵ بەهێزترین تیم، لە هاوبەشە باوەڕپێکراوەکان و ئەوانەی دەیانەوێت ئاشتی بەدی بێت. لە سااڵێکی ئەستەم و لە ناوچەیەکی ئەستەمدا، پەیانی ئاشتی، بە خاڵێکی ڕۆشنی دەرچوون، بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، ئیمارات و ئیسرائیل، بەرەو سەرەتایەکی چالاك لە هاریکاریی سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، تەکنەلۆجیا، ئاسمان، وزە، وەبەرهێنان و ئاسایشی خۆراك هەنگاویان ناوە، گەنجەکانی ئیماراتیش دەستیان بە فێربوونی زمانی عیبری کردووە. زانکۆکان لە ئیمارات، دەست بە وەرگرتنی قوتابیانی ئیسرائیلی دەکەن، هەروەها سااڵی دابێش، گەشتی ڕێکوپێك لەنێوان هەردوو وڵات دەستپێدەکات، ئەو هەنگاوە و ئەوانی دیکەش، لەو هەزاران هەنگاوی بچووك و گەورەیە، پەیامی ئاشتی بە زمانەکانی ئینگلیزی، عیبری و عەرەبی، لە سەرتاسەری ناوچەکەدا هەڵدەگرن.

* وەزیری دەرەوەی ئیماراتە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.albayan.ae

تەرەمپ:
ئەگەر گوێم لە بۆڵتۆن بگرتایە ئێستا لە جەنگی جیهانیی پێنجەمدا دەبووین



سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ سەبارەت بە ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، جۆن بۆڵتۆن ڕایگەیاند «ئەگەر من گوێم لەو شێتە بگرتایە، ئەوا ئێستا جەنگی جیهانیی پێنجەم ڕوویدەدا».دۆنالد ترەمپ لە شاری دایتۆن سەربە ویلایەتی ئۆهایۆ کە لە ڕووی هەڵپژاردنەسەرۆکایەتییەکەی سێیی تشرینی دووەم لە ڕووی مێژووی وڵاتەوە گرنگە و سەبارەت بەکاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن گوتی: «ئەگەر بایدن هەڵپژاردنەکە بباتەوە، ئەوا بەرامبەر خراپترین کاندید لە مێژوودا، هەڵبژاردن دەدۆڕێنم».سەرۆکی ئەمریکا لە گوتارەکەیدا درێژەی دا بە ڕەخنەکانی لەسەر جۆ بایدن و ڕایگەیاند «بایدن جیهانگەرییەکی نەگۆڕە. دەزانن کە جیهانگەرییەکان گوتی: «ئەگەر من گوێم لەو شێتە بگرتایە، ئەوا ئێستا جەنگی جیهانیی پێنجەم ڕوویدەدا».دۆنالد ترەمپ ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵپژاردنە سەرۆکایەتییەکەی سێیی تشرینی دووەم لە ڕووی مێژووی وڵاتەوە گرنگە و سەبارەت بەکاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن گوتی: «ئەگەر بایدن هەڵپژاردنەکە بباتەوە، ئەوا بەرامبەر خراپترین کاندید لە مێژوودا، هەڵبژاردن دەدۆڕێنم».سەرۆکی ئەمریکا لە گوتارەکەیدا درێژەی دا بە ڕەخنەکانی لەسەر جۆ بایدن و ڕایگەیاند «بایدن جیهانگەرییەکی نەگۆڕە. دەزانن کە جیهانگەرییەکان پەراوێزخراون. ئەوانە ئەم وڵاتەکان وێران کرد».دۆنالد ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە سەردەمی ئیدارەکەیدا توانای سەربازیی وڵاتەکەی زیادیکردووە و گوتی: «لە ئێستادا F-35مان هەیە. ئێوە ئەوانە نابینن. ئەوانە نهێنین».دۆنالد ترەمپ هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە بەردەوامن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و ڕایگەیاند «لە کۆتایی ئەمساڵدا یان لە بەرواریکی نزیکدا، ڤاکسینێکی ناپاپمان دەبێت. سااڵی داهاتوو ئەو پەتایە لەناودەبەین.

مانشێت

ئینديپێندێنت:

لە ئەنجامی تێکشکانی فرۆکەیەکی سەربازیی سەر بە هێزی ئاسمانیی ئۆکرانیا لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ،22 کەس گیانیان لە دەست دا.



سکای نیوز:

دەزگای فیدرالی ئەمەریکا دوو کەسی بە تۆمەتی پلاندانان بۆ تەقاندنەوەی کۆشکی سپی و تاوەری ترامپ دەستگیر کرد.



یۆرۆ نیوز:

لە شەقامێکی نزیك بارەگای پێشووی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ لە پاریس کەسێك بە چەقۆ هێرشی کردە سەر خەڵك و دوو کەسی بریندار کرد ، پۆلیسیش پێی وایە کردەوەکە تیرۆریستی بووە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لە ئەنجامی کردەوەیەکی سەربازیی هێزەکانی ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ، زیاتر لە 65 چەکداری تالیبان کوژران .



فرانس 24:

یەکێتی ئەوروپا داوای لە وڵاتانی ئەندام کرد خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلێکی دیکەی ڤایرۆسەی کورۆنا ئامادە بکەن .



کەنالی ئار تی:

دادگای تاوانەکانی جەنگ لە کۆسۆڤۆ سەرۆکی ئەنجومەنی شەڕکەرە دێرینەکانی هەرێمەکەی دەستگیر کرد.





هەسارۆکەیەک بەرد فڕێدەداتە بۆشایی ئاسمان!



تازەترین لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی مانگی ئەیلول لە گۆڤاری (لیکۆڵینەوە جیۆفیزیاییەکان / هەسارەکان) تیمی تایبەت بە کشتی ئاسمانیی (OSIRIS-Rex) ی سەربە ئاژانسی (ناسا) کە ماوەیەکە بە دەوری هەسارۆکەی (بێنو) دا دەخولێتەوە رایانگەیاند کەوا سەرنجیان داوە ئەو هەسارۆکەیە بە شێوەیەکی زۆر نامۆ بەرد فرە دەداتە بۆشایی ئاسمان! وە ئەوە بۆ یەکەمجارە کەوا کەشتییەکی ئاسمانی لە نزیک هەسارۆکەیەکدا چالاکییەکی ئاوا ناوازە ببینێ، کە ئەوەشی سەلماند رووی ئەم هەسارۆکە بچووکە چالاکە.

وێنە یەك لەدوای یەکە وەرگیراوەکانی کەشتی (OSIRIS-Rex) ئاراستەی ئەو بەردانە نیشان دەدەن کە لەسەر رووی ئەو پاشکۆیەدا بەرزدەبنەوەو کۆی گشتی ئەو دیمەنانە، چوار دیاردەی فڕەدانی ئەو بەردانەی تیایاندا دەردەکەوێ کە لە ماوەی نێوان کانوونی یەکەمی 2018 تا ئەیلولی 2019 دا رووياندابوو.

(هێنر گنروسەر) ی ئەندامی تیمی پسپۆرانی کەشتی (OSIRIS-Rex) گوتی: «لە یەکێ لە وێنەکان سەیری ئەستێرەکانم دەکرد، ئەوانەی لەگەڵ هەسارۆکەکەدا دەرکەوتبوون، لە پڕێکەوە گوتم، ئەوانە چین، کامە ئەستێرەن و سەر بە چ کۆستێرەیەکن و نایاناسمەوە! لە وێنەکانی پێشتردا تەنها 10 ئەستێرە دەردەکەوتن، بەڵام ئەمجارەیان 200 خاڵی رووناکم بینی! بەڕاستی نامۆبوون! وامزانی ئەوانە بەشێکن لە ئەستێرە جەنجاڵەکانی نێو گەلەستێرەی مان (ڕێی کاکێشان)».

شیکردنەوەی زۆر ورد دەریخست کەوا ئەو کۆمەڵە خاڵە رووناکەی وەك ئەستێرە وابوون لە نزیك هەسارۆکەی (بێنوو) دا، لە راستیدا هەرگیز ئەستێرە نەبوون بەڵکو بریتی بوو لە بارستەی بەردی زۆر بچووك کە لەسەر رووی هەسارۆکەکەوە بۆ بۆشایی ئاسماندا فڕەی دابوو و لە ڕێگەی تیشکی خۆرەوە وەك ئەستێرەی بچووك دەدەرەوشانەوە.

لەم بارەیەوە، (دانتی لۆریتا) ی لێکۆڵەری سەرەکیی کەشتی (OSIRIS-Rex) گوتی:«رووپۆشی بەردینی رووی هەسارۆکەی (بێنوو) یەکێ بوو لە دۆزینەوەو دیمەنە هەرە دەڵڕفێنەکانیئەو هەسارۆکەیە، بەڵام فڕەدانی بارستەی بەردینی بۆ بۆشایی ئاسمانی دەورویەری خۆی! ئەمە ئێمەی حەپەساوکرد! بەڕاستی سااڵی رابردووی لێکۆڵینەوەو رونگەکردنی ئەو هەسارۆکە چالاکە، هەڵێکی میژوویی بۆ ڕەخساندین بۆ ناسینەوەی زۆر زیاتری ئەو تەنە ئاسمانیانەو چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ئەوانەی وەك (بێنوو) چالاکن».

بە پێی وێنەو لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کەوا نزیکەی 300 دانە لەو بارستە بەردیانە لە وێنەکاندا دەرکەوتبوون و بەشێکیش لەو بارستانە بە تینێکی ئاوا دەردەچن تەنانەت رزگاریان دەبێ لە هێزی کێشکردنی هەسارۆکەکە بۆ بۆشایی ئاسمان و هەندێکی دیکەش بۆ ماوەیەکی کورت بە دەوریدا دەخولێنەوەو بەشێکیش راستەوخۆ دوای فڕەدانیان دەگەڕێنەوە سەر رووی هەسارۆکەکەوە، وە ماوەی فڕەدانەکە دوو کاتژمێر دەخایەنێت.

لەماوەی سااڵێکی لێکۆڵینەوەو روانگەکردندا، بڕی تەواوی ئەو بارستانەی کە بینران و بەدواداچوونیان بۆکران گەیشتنە 668 تەن و قەبارەی زۆربەی هەرە زۆریان لەنێوان 0.5 تا 1.0 سانتیمەتر دەبوون و بەخێرایی 20 سانتیمەتر لە چرکەیەکدا دەجوواڵن و هەندێکیشیان گەیشتبوونە 3 مەتر لە چرکەیەکدا.

سەبارەت بە هۆکاری ئەو دیاردەیە، پسپۆڕان دەڵێن کەوا هەسارۆکەی (بێنوو) لەماوەی 4.3 کاتژمێردا خولێك بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات و لەو ماوەیەدا بەهۆی تیشکی خۆرەوە رووەکەی گەرم دەبێت و پاشان سارد دەبێتەوە، وە بە تێپەڕبوونی کات بەردەکان لەسەر رووپدا تووشی شەقاربوون دبن و پاشان وردو خاش دەبن و لە کۆتاییدا هەندێ لەو تەنۆچکەو بارستە بەردینیانە بەهۆی خێرایی خولانەوەو کەمیی هەێزی کێشکردندا فڕە دەدرێنە ئاسمان و زیاترین کاتیش کە دیاردەی فڕەدانی ئەو بارستانەی تیایدا رووپداوە کاتی نێوەڕۆ بووە بە کاتی هەسارۆکەی (بێنوو) و هەندێ لەو بەردانە هەبوو بۆ ماوەی یەك هەفتە بە دەوریدا خولاونەتەوەو تەنانەت یەکێ لەو بەردانە بینرا کەوا لەسەر رووەکەی بەرزبۆوەو پاشان جارێکی دیکە هێزی کێشکردنی هەسارۆکەکە بۆخۆی راپێچی کردو پاشان بە رووی بەردێکی جێگیر کەوت لەسەر رووەکەی و جارێکی دیکەش بەرز بۆوەو بۆ خولگەیەك بە دەوری ئەو هەسارۆکەیەدا، هەر بۆیە ئەم هەڵسوکەوتە نامۆیەی ئەو هەسارۆکەیە، بۆتە مایەی حەپەسان و سەرسامبوونی پسپۆڕان!

ئایا هەور کێشی هەیە و چۆن پێوانە دەکرێت؟



بێ گومان هەور خاوەن بارستایی تایبەت بەخۆیەتی و بە (گرام لەسەر یەك مەتر چوار گۆشە) پێوانەدەکرێت، بەڵام هەر هەورەو بەپێی سروشتی پێکهاتەیی خۆی ئاوی تیادایە، واتە، کێشیان جیایەو هەندێ جار دەگاتە (5 گرام لەیەك مەتر چوارگۆشەدا).

بۆ نموونە، ئەگەر بارستە هەورێکی ناسکی پەمۆ ئاسای وەك (کیومۆلۆس - Cumulus) وەربگرین، بۆ نموونە، درێژییەکەی (1 کیلۆمەتر بێت)و ڕێژەی دەگاتە (1 گرام / مەتر چوارگۆشە) ئەوا کێشەکەی دەگاتە (4 ملیۆن کیلۆگرام) یان (4 هەزار تەن)!، بەڵام بۆ هەوری هەرە مەزنی (کیۆمۆلۆنیمبۆس - Cumulonimbus) کە سەرچاوەی (تەرزەو بروسك و بارانی بەخورە) بارستاییەکە یەگجار زۆر زیاترە، چونکە زۆر بە ناوازەیی گەش و نما دەکات باڵایەکەی تا ئاستی (10 کیلۆمەتر) بەرزدەبێتەوە بۆ نێو بەرگە هەوای زەوی و بنکەکەشی پانتاییەك بە سنووری (10 کیلۆمەتر) دادەپۆشێت، بۆیە پێوانەکان ئامارەیان داوە بە بوونی (785 ملیار مەتر چوارگۆشە) لە هەڵمی ئاو لەنێو یەکێ لەو جۆرە هەورانەدا، کەواتە، کێشی دەگاتە سنووری (4 ملیۆن) تەن!

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوەو دەڵێ: ئەگەر هەور خاوەنی ئەو کێش و بارستاییە مەزنە بێت، چۆن ناکەوێتە سەر زەوی و لە ئاسماندا بەو پەڕی ساناییەوە دەڕوات؟

لە وەاڵمدا، پسپۆڕان دەڵێن: هەور لە هەڵمی ئاو پێکدێت کە کێشەکەی لە هەوای ووشك سووکترە، بۆیە بەرز دەبێتەوە ئاسمان و لە بەرزاییدا، ئەو هەوایە وشکە هەڵمەکە قەتیس دەکات، بەڵام ئەگەر تا ئاستی زیاتر لەنێو بەرگە هەوادا بەرز ببێتەوە ئەوا پلەی گەرمییەکەی زۆر دادەبەزێت و دڵۆپە هەرە وردەکانی ئاو کە لەسەر شێوەی هەڵمە، دەیبەستێت و دەگۆڕێت بۆ دۆخی ڕەقیی (واتە دەبێتە کریستاڵی سەهۆڵیی) کە لەو حاڵەتەدا کێشەکەی لە هەوای ووشك زیاترە، بۆیە ناتوانێ چیتر بەرەنگاری هێزی کێشکردنی زەوی ببێتەوە دێتە خوارەوە، جا لەکاتی هاتنە خوارەوەی، (واتە بارینی) ئەو کریستاڵە سەهۆڵییانە بۆ ئاستە نزمەکانی بەرگە هەوا، دووبارە پلەی گەرمییان بەرز دەبێتەوەو دەتوێنەوەو لە کۆتاییدا لەسەر شێوەی (دڵۆپی باران) دەکەونە سەر ڕووی زەوی.

خەرمانەیەکی مەزن لە دەوری گەلەستێرەی (ئاندرۆمیدا) دۆزرایەوە



لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کە پسپۆڕانی تایبەت بە (تلسکۆپی ئاسمانیی هابل) ی سەر بە (ناژانسی ناسا) بەم دواییە ئەنجامیاندا، توانیان نەخشەیەك بکێشن بۆ خەرمانەیەکی گازیی یەگجار زۆر مەزن کە تەواوی گەلەستێرەی ناوداری (ئاندرۆمیدا) ی گرتووە، کە ئەگەرچی لە سەرەتا وا دەرکەوتبوو کە خەرمانەیەکی زۆر لاوازو تاریکە، کەچی دەرکەوت کەوا ئەو خەرمانەیە پلازمایییەو تا مەودای 1.3 ملیۆن ساڵی رووناکی درێژبۆتەوە نێو بۆشایی ئاسمانی نێوان گەلەستێرەی خۆمان و ئەودا، واتە دەگاتە ئاستی نیوەی مەودای نێوان هەردووکیان و لە هەندێ شوێنیشیدا تا مەودای 2 ملیۆن ساڵی رووناکی تەشەنەی کردووە، ئەمەش وا دەگەیەنێ کەوا بە شێوەیەکی کردەیی خەرمانەی گەلەستێرەی (ئەندرۆمیدا) بەبەر خەرمانەی گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) دا دەکەوێت.

لەم بارەیەوە (سامانتا بیریك) ی لێکۆڵەر لە زانکۆی (یێڵ) لە (نیوهێڤن) ی ویلایتی (کۆنیتێکت) گوتی: «دۆزینەوەو ناسینەوەو شیکردنەوەی زانیاریی ئەم خەرمانە مەزنانەی دەوری گەلەستێرەکانیان داوە کارێکی تا بڵێی گرنگە، چونکە بریتییە لە عەمبارێکی مەزنی گازو پلازما کەوەك مادەی سەرەتایی و سووتەمەنین بۆ لە دایکبوونی ئەستێرەکان لەنێو گەلەستێرەکاندا و هەروەها وەك سەرچاوەیەکن بۆ حاڵی بوون لە مێژوو و ئێستاو داهاتووی خودی گەلەستێرەکان، وە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو خەرمانەیە لە نزیکترین گەلەستێرە لە ئێمەدا، هەڵێکی گەورەیە بۆ دەستکەوتنی زانیاری زۆرو لە هەمان کاتیشدا ورد».

گەلەستێرەی (ئاندرۆمیدا – M31) نزیکترین گەلەستێرەی لولپێچییە لە گەلەستێرەی خۆمان و سنووری 1 تریلیۆن ئەستێرەی تیادایەو قەبارەکەشی لەنێوان چارەگێك تا نێو جار ئەوەندە لە هی خۆمان گەورەترەو تیرەی لەوسەر بۆ ئەوسەر دەگاتە 220 هەزار ساڵی رووناکی.

دوای 400 ساڵ لە تەقینەوەیدا، هێشتا خێرا پەرش و بڵاو دەبێتەوە


تەنی ئاسمانیی ناسراو بە (پاشماوەی تەقینەوەی ئەستێرەیی مەزنی کیپلەر) بە مەودای 20.000 ساڵی رووناکی لێیانەوە دوورە و بێگومان کەوتۆتە نێو سنووری گەلەستێرەمان (ڕێی کاکێشان).

فەلەکناسانی کۆن، بە تایبەتیش (یۆهانس کیپلەر) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1604 ئەم تەقینەویان لە ئاسماندا بینی، هەر بۆیە بەناوی ئەویش کراوە، وە فەلەکناسان دەزانن کەوا ئەو جۆرە تەقینەوانە کە بە (سوپەرنۆڤا) ناسراوەو لە دەرەنجامیدا ئەستێرەکە تەفروتونا دەبێ و پاشان لەسەر پاشماوەی دڵەکەیدا ئەستێرەیەکی بچووکی خاوەن چرییەکی مەزن و خولانەوەیەکی ئەفسانەیی دروست دەبێ کە ناسراوە بە (ئەستێرەی نیۆترۆنی) و ئینجا دەبێتە تەنی هەرە نامۆو سەرسامکاری ناسراو بە (کونە رەشەکان).

بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە هەرە نوێیەکانی تایبەت بە داتایەکانی تەلەسکۆپی تیشکی ئێکسی ئاسمانیی (شاندرا) کە لە ساڵی 2016 دا دەربارەی ئەو پاشماوە تەقیوەدا تۆمارکراون، زانایان 15 شێوە گۆپکەی گازیان لەنێو ئەو پەڵە گازەدا دەستنیشانکردووە کە بەخێرایەکی سەرسامکار دوای تەقینەوەکەدا دەردەچن و خێراییان گەیشتۆتە سنووری 37 ملیۆن کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەوەش خێراترین تۆمارە تاوەکو ئێستا لەنێو پاشماوەی ئەستێرە مەزنە تەقیوەکانی دیکەدا بینراوەو بە شێوەیەکی زۆر بەرچاویش تیشکی (ئێکس) یان لێوە دەردەچێ.

بەگەڕانەوەی پسپۆڕان بۆ داتا وەرگیراوەکانی هەمان تلسکۆپ بۆ ئەم پاشماوە تەقیوەدا لە نێوان ساڵانی 2000 و 2004 و 2006 و 2014 و تێکهەڵکێشانی ئەو داتایانە بۆ دەرخستنی خێرایی و ئاراستەی دەرچوونی ئەو گۆپکە گازیانە، نەخشەیەکی سێ ڕەهەندیی بەرهەمهات و بە شێوەیەکی ورد پسپۆڕان بۆ یەکەمجار توانیان سەیری خێرایی و ئاراستەی دەرچوون و گەورەبوونی ئەو پاشماوە تەقیوەدا بکەن و دەرکەوت لەوەتەی بۆ یەکەمجار بینرا پێش 416 ساڵدا، تاوەکو ئێستا خێرایی فراوانبوون و تەشەنەکردنی ئەو بارستە گازییە کەمی نەکردووە!

شیکردنەوەی شەبەنگیی تلسکۆپی (شاندرا) دەریخست کەوا 8 لەو گۆپکە گازیانەی کە ژمارەیان 15 یە بە پێچەوانەی ئاراستەی زەوی دەردەچن و 2 گۆپکەش بەرەو ئاراستەی زەوی دێن، بەڵام تا ئێستا 5 گۆپکەکەی تر ئاراستەیەکی ڕوون نیشان نادەن لەسەر هێڵی بینینداً.





یانەی ئاسمانیی کۆیە راگەیەندرا

- یانەکە تایبەت دەبێت بە وەرزشی فرینی هەوایی (پەرەگلایدەر)، لە ئێستادا چوار یاریزانیان هەیە و وەك یانەیەکی نوێی وەرزشەکە خۆیان ناساند.

کاپتنی یانەی ئاسمانی کۆیە، هیوا عەزیز حسێن دەربارەی یانەکەیان رایگەیاند «دوای ئەوەی ژمارەیەك گەنج لە رێکخراوی شاخەوانی باواجی وەرزشی شاخەوانیان دەکرد بیرمان لەوە کردەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری کۆیە و گونجاوی بۆ وەرزشەکە، وەرزشی فرین بهێنینە شاری کۆیە، بۆیە پەیوەندییان بە یانەی فڕۆکەوانی سلێمانییەوە کرد و ئەوانیش راهێنەرێکیان بۆ دابینکردین و لە رۆژی ١٥ی ئاب لە ١٠٠٠ مەترە بۆ یاریگای لاندینکی کۆیە».

لە مەراسیمەکەدا هەردوو یانەی ئاسمانی هەڵبجە و یانەی فڕۆکەوانی سلێمانی بەشداربوون و هەر یانەیە و شەش یاریزانیان لە مەراسیمەکەدا بە ئاسمانی کۆیەدا بە پەرەگلایدەر فڕینایان ئەنجامدا.

کاپتن هیوا راشیگەیاند: «لەدوای ئەم مەراسیمە و فڕینی یاریزانەکان یانەی ئاسمانی کۆیە راگەیەندرا و لە ئەمڕۆ بەدواوە وەك یانەیەکی فرینی هەوایی (پەرەگلایدەر) دەستیان بەکاردەبین».

دەستیان بە راهێنان کرد تاوەکو یەکی ئەیلول بە سەرکەوتوویی خولەکە کۆتایی هات».

گوتیشی: «بڕیاروابوو دوای کۆتایی هاتنی خولەکە و دەرچوونی یاریزانەکانمان دامەزراندنی یانەکە رابگەیەنین بەڵام بەهۆی نالەباری کەش و هەوا بۆ وەرزشەکە کاتەکەمان دواخست، تاوەکو ئەمڕۆ ٢٥ی ئەیلول کەش و هەوا لەباربوو هەرچوار یاریزانی یانەکە کە لە خولەکە دەرچوون فڕینیان ئەنجامدا لەسەر چیای کۆساری گەشتیارییەوە کە بەرزییەکەی زیاتر

مێسی بە پەیامێکی ئاگرین مانْئاوایی لە سواریْز کرد



لیْو مێسی پەیامی مانْئاوایی خۆی بۆ لویس سواریْزی هاوڕێی بڵاوکردەوە و جگە لە دەربڕینی خەمناکییەکی بێ وێنە بۆ ڕۆیشتنی ئەستێرە ئۆرۆگوایەکە، هەروەها بە تۆندی هێرشی کردە سەر بەڕێوەبەرانی بەرشلۆنە.


دەقی پەیامەکەی مێسی " دەمزانی سەخت دەبێت بەڵام ئەمڕۆ کە چوومە ژووری خۆگۆڕین بەڕاستی هەستم پێکرد چەند سەخت دەبێت کە ڕۆژەکان یەك لەدوای یەك لەگەڵ تۆ بەسەرنەبەم لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگا. زۆر بیرتان دەکەین و سااڵنێکی زۆربوو لە هاوڕێیەتی و نان خواردن و لە بەسەربردنی ڕۆژانەمان بەیەکەوە. هەستێکی نامۆ دەبێت تۆ ببینم بە درێسی یانەیەکی تردەوە و چ جای بەرامبەرت یاری بکەم، دەبوو بەو جۆرە یانەکەت جێبهێشتایە کە شایستەی بوویت وەك یەکێك لە گرنگترین یاریزانەکانی مێژووی یانەکە، و بەدەستهێنانی چەندین سەرکەوتن لەگەڵ تیم و هەروەها لەسەر ئاستی تاکەکەسی، نەك بەو جۆرە دەربکرێیت بەڵام لە ڕاستیدا گەیشتوومەتە ئەوەی هیچ شتێکم لاسەیر نیە لە بەرشلۆنە.

هیوای باشترینت بۆ دەخوازم لە ئالْنگارییە نوێیەکەت. زۆرم خۆشدەوێیت، زۆر زۆرم خۆشدەوێیت و بەهیوای بینینەوەت بەمزووانە".

یەکەم بریاری ڕۆنالْدو کۆمانی ڕاهێنەری نوێی بەرشلۆنە، بڕیاری دوورخستنەوەی لویس سواریْز بوو لە یانەکە، پاشانیش هەریەك لە ئارتورۆ ڤیدالْ، سیمیدۆ و ئیڤان ڕاکیتیچی دوورخستەوە.

دیماریا لە ئەرژەنتین تورِەیە

"من لە هەموو یارییەک ئەوە پێشان دەدەم کە دەتوانم لە ئاستی مباپێ و نێیماربم"





وا دەردەکەوێت ڕۆژەکان لە بەرژەوەندی ئانخێل دیماریا هەڵناسووڕێت کاتێك بە چەند ڕۆژێك دوای بانگهێشت نەکردنەوەی بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، لە خولی فەرەنسیش سزای ڕاگرتنی بۆ چوار یاری هاتە سەر بەهۆی ڕووداوەکانی نێو یارییە پڕ لە پێکهەڵپژانەکەی مارسیلیا.

بانگ نەکردنەوەی دی ماریا بۆ دوو یاری داهاتووی تانگۆ، ئەستێرەکەی پی ئێس جی شێتگیر کردووە بە نادادگەری دەبینێت کە لە پاڵ نەبوونی ئەم لە لیستەکەی سکالۆنی ڕاهێنەردا، ناوی لیۆنێل مێسی تێدایە. وەك لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ Closs Continental دا دەڵێت : ناتوانم شیکردنەوەیەك بۆ ئەمە بدۆزمەوە. هیچ وشەیەکم پێ نییە. زۆرێك دەڵێن گوایە من 32 ساڵم بۆیە بانگهێشت نەکراوم. بەڵام من هەر بە هەمان شێوەی خۆم بەردەوامم لە ڕاکردن. لە هەموو یارییەکیش ئەوەم پیشان داوە. مەگەر لەگە PSG چاوێکی خۆم بریندار بکەم ئینجا بۆ ئەرجەنتین بانگم بکەن.

تێگەشتنی ئەوە زەحمەتە کە سەرەڕای تەندروستیەکی باش، کەچی بانگهێشت نەکراومەتەوە. کەواتا پێویستیان بە من نییە، بەڵام من هەر کۆششی خۆم دەکەم لە پێناو پێگەکەم. ئایا 32 ساڵم و ئیتر بەتەمەنم؟ ئەگەر ئەوە خاڵی دەستپێك بێت بۆ دۆزینەوەی شوێنگرەوەمان لە ئەرجەنتین، دەبێ بۆ مێسی و ئۆتامێندی و ئەوانیتریش هەروابێ کە ئاستی بەرز پیشکەش دەکەن. ئەو دووانەش دەبێ بڕۆن. من لە هەموو یارییەك ئەوە پیشان دەدەم کە دەتوانم لە ئاستی مباپێ و نێیماربم."

تانگۆ لە مانگی داهاتوو دوو یاری هەیە بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ئیکوادۆر و بۆلیڤیا لە میانی پاڵاوتنەکانی ئەمرکای باشوور بۆ گەشتن بە مۆندیال.

دوازدەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی بلیتزی خانزاد سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



ئەمڕۆ پێنج شەممەی ڕابردوو لە هۆڵی یانەی شەترەنجی خانزاد، دوازدەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی بلیتزی خانزاد سەرکەوتووانە لە هۆڵی یانەکە بەڕێوەچوو، کە تیایدا نزیکەی 60 شەترەنجزانی کورِ و کچ لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بەشداریان تێدا کردبوو.

لە ڕێورەسمی کردنەوەی پاڵەوانێتییەکەش لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجەوە تۆمارکرابوو، هەریەك لە عەبدولوهاب عەبدولڕەزاق ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و یاریزانی ناودار و دێرین و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و د. دلزار حەمەسااڵح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد ئامادەبوون و یەکەمین جولەی دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکەش لەلایەن عەبدولوهاب عەبدولڕەزاق جولێنراو دەست بەرکابەریی ڕاوندەکان کرا.

دوای بەڕێوەچوونی 9 ڕاوەندیش کە لەلایەن ناوبژیوانان عەبدولعەزیز ئەسوەد و هاوار حەمەسااڵح سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو، ئەنجامی کۆتایی بەمشیوەیەی خوارەوەبوو:

*کوڕان پێشکەوتووان:

نەبیل عەزیز پلەی یەکەم

کاردۆ ئاکۆ پلەی دووەم

دیدار محەمەد زاهیر پلەی سێیەم

دلسۆز عومەر پلەی چوارەم

*کچان پیشکەوتووان:

نقار سەردار پلەی یەکەم

ڕۆزیا فەخرەدین پلەی دووەم

هانا هاوار پلەی سییەم

*لاوانی کوڕان:

عەمار سەفار پلەی یەکەم

یەشار دیدار پلەی دووەم

ئەیمەن فەلاح پلەی سێیەم

*لاوانی کچان:

ڕۆز ڕەڤەز پلەی یەکەم

پەری پشتیوان پلەی دووەم

ئایا فەلاح پلەی سییەم

کاڤانی لە قەڵای سپی نزیک دەبێتەوە

هەرچەندە ڕاگەیێندرا کە یانەی ڕیال مەدرید هیچ یاریزانێك لەم هاوینەدا ناگوازێتەوە، بەڵام دەنگۆکانی پەیوەندیکردنی ئیدینسۆن کاڤانی بە یانەی ڕیال مەدرید زۆرن.

ڕینیێ ڕامۆس، بەڕێوبەری کارەکانی سێرخیۆ ڕامۆس کە لە هەمان کاتیشدا برایەتی، بە میدیاکانی ڕاگەیاند، یانەی ڕیال مەدرید خەریکی گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئیدینسۆن کاڤانی، هێرشبەری ئۆرۆگوایی و دەیەوێ بیگوازێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی ڕیال مەدرید لەدوای ئەوەهات کە لە یاریی یەکەمی لالیگا بەرامبەر بە یانەی ڕیال سۆسیداد بەبێ گۆڵ یەکسانبوون و یانەکە لە ڕووی هێرشبەرییەوە ناستیان باش نەبوو.

قسەکانی زیدان لەدوای یارییەکە بۆنی ڕوودانی گواستنەوەیەکی لێدەهات، هەرچەندە زیزۆ نیگەرانیی خۆی لەهەمبەر نەگواستنەوەی هیچ یاریزانێك لەم هاوینە دەربڕی، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە ڕەنگە لە کۆتاییەکانی ئەم بازاڕەدا شتێك ڕووبدات.

ڕینیێ ڕامۆس ئەوەشی ئاشکراکردووە کە بەرپرسانی ڕیال هەموو هەوڵێك دەدەن کە کاڤانی بگوازنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەن مووچەی ساڵانەی 10 ملیۆن یۆرۆ بدەنە ئەو یاریزانە ئۆرۆگواییە.

کاڤانی لەدوای ئەوەی یانەی پاریس سانجێرمانی جێهێشت، ئێستا بێ یانەیە و بەدوای یەکێك لە یانە گەورەکاندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دڕێسیان بپۆشێت، بەهۆی بەرزیی مووچەکەیەوە یانەکان توانای گواستنەوەی ئەو یاریزانەیان نییە، بەڵام یانەی ڕیال مەدرید پێویستی بەو هێرشبەرەیە و لەم هاوینەشدا هیچ یاریزانێکی نەگواستووەتەوە.

ماسك بەستن
خەبات
XEBAT
Sun.27 Sep. 2020 No.:(6011)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616





هونەرمەندە دڵسۆزە بە ئەزموونەکە ماڵئاوایی لێکردین



بەرهەم شێخ عزەدین

شانۆکاری کورد هونەرمەند (عەباس ژاژڵەیی)، ناوی تەواوی (عەباس مەلا معروف مەلا علی مەلا مەمەد چاومار) ە ، ناسراوە بە (عەباس ژاژڵەیی).
لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی ژاژڵەی سەر بە قەزای ماوەت لەدایکبووە، قۆناغی منداڵی و سەرەتایی لە گوندی ژاژڵە تەواو کردووە و پاشان بۆ خوێندن ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات و قۆناغەکانی تری قوتابخانەی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ خاتوو (گەلاوێژ کەریم) خوشکی هونەرمەند (عەدنان کەریم) هاوسەرگیری دەکات و دەبنە خاوەنی پێنج منداڵ، دوو کچ و سێ کوڕ بە ناوەکانی (سوهەیلە، سیروان، سروە، سۆران، سیڤان) و هەر لە سلێمانی دەمێنێتەوە و ئیتر نەگەڕاوەتەوە بۆ گوندی ژاژڵە تا ساڵی ١٩٧٤ لەو ساڵەدا مامۆستای قوتابخانەی گوندی (گوڵێ) بووە تاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەلایەن ڕژێمەوە (نەفی) دوورەدەخرێتەوە بۆ شاری بەسرە و دوای گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی دەبێتە فەرمانبەر لە فەرمانگەی بیناسازیی، لە ساڵی ١٩٩٠ لەبەر ئەوەی نەبووە بە بەعسی لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە و تا لە ساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی و بەردەوام دەبێت تا ساڵی ٢٠١٤ خانەنشین دەکرێت.
لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (مەکی عەبدوڵڵا) و چەند هونەرمەندێکی تر(تیپی هونەری میللی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی) دامەزرێنن و پاشان بووە بە سەرۆکی تیپەکە، دواتر دەبێتە سەرۆکی تیپی) شانۆی ئاشتی)و دامەزرێنەری تیپی شانۆی (ژاژڵە و ماوەت) و سکرتێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە. ڕەوان شاد لەساڵی ١٩٩٨ بۆ نزیکەی(١٠)ساڵ دەبێتە ئەندامێکی کاراو پڕ بەخششی (تیپی شانۆی سالار) وخۆی و خاتوو (سروە)ی کچی و کورەکانی بەشداری چەندین بەرهەمی شانۆیی ناوازە دەکەن لەم تیپەدا و دەبنە پاڵەوانی بەرهەمە هونەریەکان و شانۆگەریەکانی وەک : (لەژێر تارای سورمەچنا) ،(کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)، (ئەورۆژەی ماسی بوو بەگورگ) و زنجیرەدرامای تەلەفزیۆنی (شەوچەرە) کە هەموو ئەم بەرهەمانە لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار) و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەرسەلان دەرویش) بوو. پاشان بەگەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی دووبارە (تیپی شانۆی ئاشتی) کاراەکاتەوە چەندین بەرهەمی هونەریی تیا بەرهەم دەهێنێت..
مامۆستا (عەباد ژاژڵەیی) هونەرمەند لەتەمەنی پڕ خەرمانی هونەرییدا لە دەیان درامـا و شانۆ و فیلم و کورتە فیلم و درامای ڕادیۆدا کاری کردووە وەک ئەکتەر و دەرهێنەر، نموونە کارەکانی وەک (بووکی ژێر دەواری ڕەش، شەوێک لە ژیانی خانزاد، گڵکۆی تازەی لەیل، بوون بە خۆر، ژیلەمۆی ئەوین) و چەندین کاری تری بۆ تەلەفیزیۆن دەرهێناوە.
لە ساڵی ٢٠١٤دەوە بەهۆی نەخۆشی دریژخایەن ناتوانێت لە کاری هونەریی بەردەوام بێت و لە ٢٥ی ئەیلول ٢٠٢٠ دواماڵئاوایی لە جەماوەرە هونەردۆستەکەی و ناوەندە شانۆیەکەی و هاوڕێ و کەسوکار خانەوادە بەڕێزەکەی دەکات و ئەستێرەی گیانی سپی بۆ ئاسمانی نەمری دەکشێت.




ئەستێرەی ڕۆحی هونەرمەند (عەباس ژاژڵەیی) بۆ ئاسمانی نەمریی کشا..

هەواڵی ماڵئاوایی هونەرمەندی بەئەزموون و ناسراوی کورد مامۆستا (عەباس ژاژڵەیی) تەواوی ناوەندە هونەریەکەو جەماوەری هونەردۆستی کوردستانی تاساند. ڕەوانشاد هەموو خەسڵەتە بەرزەکانی هونەرمەندی دەست و دڵ و داوێن پاکی تیا بەرجەستە بوو، بەخەرمانەی بەخششەکانی نەخشی دڕەوشاوە بوو لە دنیای شانۆ دراماى کوردی دا. دوای ئەوەی زیاتر لەنیو سەدەی ژیانی کردە چەپکە گوڵی ئەمکداریی و بەرۆکی کوردستان و جەماوەرە هونەر پەروەرەکەی پێ ڕازاندەوە ، جاویدانە ئەستێرەی گیانی بۆ ئاسمانی نەمریی و سەرفرازیی هەتایی کشا.
(تیپی شانۆ سالار) کەساڵانێکی زۆر سەکۆی کارکردن و دڕەوشانەوەی ئەم هونەرمەندە دڵسۆزە و کێچ وکوڕە بەهرەمەندەکانی بووە ، بەم کۆستە گەورەیە پرسەدارو کەسەرباڕە و هاوخەمی خانەوادە تێکۆشەرو هونەر پەروەرکەی و تەواوی ناوەندە هونەریەکەی کوردستانە . ڕۆحت شاد مامۆستا هونەرمەندە کورد پەروەرو هونەر پەروەرەکەی نیشتیمان دوا مەنزڵگات بەهەشتی خوای پەروەردگاربێت..
تیپی شانۆی سالار

سوید.. سوپرایز بۆ منداڵێکی عێراقی دەکرێت





ئا- بەکر بەهرەمەند
خێزانێکی عێراقی لە وڵاتی سوید دەژین، کوڕێکی ئەم خێزانە دەتوانێت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لە قوتابخانەکەی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بڕیار دەدات گەشتێک بە قوتابییەکان بکات بۆ بەرازیل، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە باوکی کوڕەکە دەکات کە پاسپۆرتی کوڕەکەیان بۆ بهێنێت.
دوای چەند ڕۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە باوکی کوڕەکە دەڵێت: لەبەر ئەوەی ناوی عیراق لەسەر پاسپۆرتەکە هەیە، ناتوانن لەگەڵ خێزان ببیەن، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ نەکەوێتە سەر باری دەروونی قوتابییەکە، باشترە بەو هەواڵە نەزانێت.
باوکە عیراقییەکە دوای ئەوەی دەگڕێتەوە ماڵەوە ئەو هەواڵە بە کوڕەکەی دەدات و ئەوەیش باری دەروونی قوتابییەکە تێکدەدات، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەوڵێکی دیکە دەدات و دواجار باوکی قوتابییەکە ئاگادار دەکاتەوە، کە خۆی سەردانی سەرۆک وەزیرانی سویدی کردووەو بارودۆخەکەی بۆ باسکردووە، ئەویش لە بەرانبەردا پاسپۆرتێکی سودی وەک دیاری بەخشیووە بە کوڕە قوتابییە عیراقییەکە، تاوەکو تووشی شۆک و حاڵەتی دەروونی نەبێت و کار لەسەر کەسایەتی نەکات.

هونەرمەند گۆران:

تاکە چارەسەر بۆ ئەم ڤایرۆسە خۆپارێزییە تاکو بەسەر ئەم بەڵا نەفرەتیە سەرکەوین

دیانە/پەریهان عومەر

هونەرمەند گۆران جەال خەڵکی شاری کەرکوکە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرە لە بەشی میوزیک لە ساڵی ٢٠٠٢ تاکو ئێستا بەردەوامە لە کاری هونەری چەندین ئەلبومی گورانی بۆ هونەرمەندان تۆمار کردووە چ لە کوردستان لە دەرەوەی کوردستان بەشداری کردووە لە فیستیڤاڵی کوردستان فیستیڤالی نێودەوڵەتی لە سوید و چەندین بەرنامەی هونەری و پێشبرکێ گۆرانی کوردی وەکو (Kurd idol و The legend) بەشداری کردووە چەندین کۆنسێرتی گەورە بۆ (هونەرمەند زەکەریا و موعین و لەگەل چەندین گورانی بێژی ڕۆژ هەلات و باکورو ڕۆژ ئاوا و بەشداربووە وەکو ژەنیار ئێستاش خەریکی بەرنامەی پێشبرکێن لە کەناڵی AVA TV بە ناوی (The legend).



هونەرمەند گۆران لەوەڵامی پرسیاری ئایا بۆچی بواری موزیکژەنیت هەڵبژارد؟ ئەو بۆ خەبات گوتی:
پاڵنەری سەرەکیم باوکم بوو کە میوزک بژەنم چونکە باوکم ژنیاری ئامێرە میوزیکەکانە، هەر بۆیە چومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تاکو فێری میوزک بم.
ئایا لەئامێری موزیک چ ئامێرێک دەژەنی هونەرمەند گۆران گوتی: ژەنینی ئامێری کەمانچەم، جار جار پیانۆش دەژەنم.
ئایا جەمال گۆران چۆن لە هونەری کوردی دەڕوانی؟ بە تێروانینی من ئەوەی ئیستا دەگوزەرێت هیچی بە هونەری کوردی نازانم لە دوای ساڵی ٢٠١٠ هونەری کوردی کاڵ بوبەوە بگرە کاڵتریش دەبێتەوە.
چیت هەیە بۆ هەوادارانت لەم بارو دۆخەی کۆرۆنایا؟ هونەرمەند گۆران دەڵێت: لەوە ناخۆشتر نیە کە ئەزیزانت لەدەست بدەی هەر بۆیە تاکە چارەسەر خۆپارێزیە تاکو بەسەر ئەم بەڵایە نەفرەتیە سەرکەوین.